An Anarchist FAQ

translation of the first seven articles of
Section (A) An Anarchist FAQ in kurdish-Sorani

translated by : Hejên

first Edition, August 2013

پرسیارە بەردەوامکراوە ئەنارکیستییەکان

وەرگێڕدراوی حەوت بابەتی یەکەمی
بەشی A ی پەرتووکی An Anarchist FAQ

و. لە فارسییەوە: هەژێن

چاپی یەکەم، ئۆگوستی ٢٠١٣

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-9. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی :http://www. infoshop. org/faq/index. html

پرسیارە بەردەوامکراوە ئەنارکیستییەکان

ئەم پەرتووکۆکە حەوت وتاری لە بەشی (A) گرتووەتە خۆی

و. لە فارسییەوە: هەژێن

چاپی یەکەم ئۆگوستی ٢٠١٣

خوێنەری هێژا،

ئەم پەرتووکۆکەی بەردەستت، بریتییە لە وەرگێڕانی چەند وتارێکی بەشی(A)/ یەکەمی، پەرتووکی یا پرۆژەی [پرسیارە چەندبارە ئەنارکیستییەکان An Anarchist FAQ] و لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، هاوکات لەبەرئەوەی کە وەرگێڕانە فارسییەکان لە قێرژنە کۆنەکانی ئەم پرۆژەوە وەرگیردراون و دواتر لە نۆژەنکردنەوە و قێرژنە تازەکانیدا بەتایبەت لە قێرژنی (١٤)دا کۆمەڵێك پەرەگراف و دەستەواژە بۆ بابەتەکان زیادکراون، لەبەرئەوە و بۆ دڵنیایی لە دروستی و دەقاودەقی وەرگێڕانە فارسییەکە و بەرزکردنەوەی وەرگێڕانە کوردییەکە بۆ ئاستی سەرچاوە ئینگلیزییەکەی، ناچار لەتەك دەقی دوا قێرژندا بەراوردکراوە.

بۆ ناساندنی پەرتووکەکە یا پرۆژەکە، کە تائێستا بەرگی یەکەمی لەسەر کاغەز چاپکراوە و لە پەرتووکخانەکدا دەستدەکەوێت، کە لەم پێگەیەوە دەتوانن بەدەستیبهێنن [Paperback: 748 pages, Publisher: AK Press

بە کاردانەوە ماددیی و هزریی و ئەزموونییەکان، ئەوانەی کە کەسەکان چالاکانە لێکیاندەدەنەوە و شیاندەکەوە و مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن، دێنەبوون. لەبەرئەوە، ئەنارکیزم، تیۆرییەکی ماتریالیستییە، بە دەرککردنی ئەوەی کە بۆچوونەکان لە ئەنجامی کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە هۆشییەکانی تاکدا سەرهەڵدەدەن و گەشەدەکەن (بۆ زانیاری فرەتر لەسەر باسە کلاسیکەکان لەمەڕ ماتریالیزم لە بەرامبەر 'ئایدیالیزم'دا سەرنجی خوا و دەوڵەت **God and the State** نووسینی میخایل باکونین، بدەن)

کەواتە کۆمەڵگەی ئەنارکیستی دروستکراوی زانیاری مرۆڤ دەبێت، نەك خوا و ڕووداوە سەرەتاییەکانی دیکە، چونکە "هیچ شتێك لە خۆوە چێنەبووە، لایەنیکەم ئەمە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا ئاوایە. ئەوانەی کە ئەرکی چێکردن و ڕێکوپێکردنیان لە ئەستۆیە، بەپێی حەز و دەرکی خۆیان، شتەکان ئەنجامی دەدەن. " [Alexander Berkman, p. 185, **What is Anarchism?**]

لەبەرئەوە ئەنارکیزم خۆی لەسەر پایەی لێهاتوویی بۆچوون و توانایییەکانی خەڵك بۆ کار و گۆڕینی ژیانی خۆی بەو جۆرەی پێی دروستە، بنیاتدەنێت. بەواتایەکی دیکە، ئازادی.

کامەراندایە. بەڵام کەسی خۆگونجێنەر، کەسێك کە لەنێو کۆیلان و سوودوەرگرتن لە ڕەنجی کۆیلاندا بەختەوەر بێت، ئەنارکیست نییە و ناشتوانێت ببێت" [**Errico Malatesta: His Life and Ideas**, p. 23]

بۆ ئەنارکیستەکان، سامانی ڕاستینە، مرۆڤەکان و سەرزەمینێکە کە لەسەری دەژین. یا بەو جۆرەی کە [ئێما گۆڵدمان](#) Emma Goldman دەڵێت " لەنێو هەموو شتە جوان و بەسوودەکان پێکدێت، لە تەواوی ئەو شتانەدا کە کۆمەڵ بە پێکهاتنی جەستە بەهێز و جوانەکان و ژینگەیەك بۆ ژیان تێیدا ... ئامانجی [ئێمە] دەستەبەرکردنی ئەوپەڕی ڕادەی ئازادییە بۆ هەموو توانا پەردەپۆشکراوەکانی تاك ... لەوانە نواندنی ئازادانەی وزەی مرۆیی، کە تەنیا لە سایەی ئازادی تەواوی تاك و ئازادی کۆمەڵایەتییدا دەلوێت، بەواتایەکی دیکە، یەکسانی کۆمەڵایەتی. " [**Red Emma Speaks**, pp. 67-8]

هەروەها، ڕێزدانان بۆ تاکایەتی بەو واتایە نییە، کە ئەنارکیستەکان ئایدیالیستن و ئاوا بیردەکەنەوە، کە مرۆڤەکان یا بۆچوونەکان لە دەرەوەی کۆمەڵگە گەشەدەکەن. گەشە و پەرەسەندنی تاکایەتی و بۆچوونەکان لەنێو کۆمەڵگەدا، لە وەڵام

(April 1, 2008), Language: English, ISBN-10: 1902593901, ISBN-13: 978-1902593906].

لێرەدا دانانەوەی کورتە ناساندنی خودی دەستەی نووسەران و سەرچاوەکانی بڕۆژەکە بەدروستتر دەزانم.

" ئەم کارە پێشکەش بە ملیۆنان ئەنارکیست، ئەوانەی زیندوون و ئەوانەی مردوون، هەروەها ئەوانەی هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەن دونیایەکی باشتر دەسەبەربکەن. بۆ یەکەم جار لە یادی شۆڕشی ١٩٣٦ی ئیسپانیا و دڵاوەرییەکانی بزاڤی ئەنارکیستی 'ئیسپانیا'دا بە فەرمی پرسیارە چەندبارە ئەنارکیستییەکان (An narchist FAQ) *لە ١٩ی جوڵای ١٩٩٦دا بڵاوکرایەوە. هیواداریین ئەم کارەی ئێمە کۆمەك بە گۆڕینی جیهان بە شوێنێکی ئازاد، بکات .*

ئەم ئەنارکیستانەی خوارەوە، کە خۆیان پاگەیاندووە (بە زۆری) لێبڕسراوەتی ئەم (پرسیارە چەندبارە ئەنارکیستییەکان An Anarchist FAQ*)یان لە ئەستۆگرتووە.*

Gary . (*بەشداری سەرەکی و سەرنووسەر*) Iain McKay Ed Boraas . Dave Neal . Elkin

سوپاسی ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە دەکەین بۆ بەشداری و هەڵسەنگاندنیان Andrew Flood، Mike Ballard، Francois Coquet، Jamal Hannah، Mike Huben، Greg Alt، Chuck Munson، auline McCormack، Nestor McNab، Kevin Carson، Shawn Wilbur، Nicholas Evans. هەروەها سوپاسی هاوڕێیانمان لە (the anarchy، oneunion) و (organise!) دەکەین

“An Anarchist FAQ”, Version 14.*

Copyright (C) 1995-2010 The Anarchist FAQ Editorial Collective:

مۆڵەتی کۆپی و بڵاوکردنەوە و دەستکاریکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بەپێی مەرجەکانی مۆڵەتنامەی (هەرچاوەی کراوە GNU)ی بەڵگەنامە ئازادەکان، دراوە، فێرژنی ١.١ و فێرژنەکانی دواتری لەلایەن دەزگەی نەرمەوالای ئازاد و مەرجە گشتییەکانی GNU)یەوە بڵاوکراتەوە، فێرژنی ٢.٠ و فێرژنەکانی دواتر لەلایەن دەزگەی نەرمەوالای ئازادەوە بڵاوکراتەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەڕەی مۆڵەتنامەکان (www.gnu.org) بکەن."

کەسەو بۆ خۆی"ە. بەو جۆرە، "تاکگەرایی چەقبەستوو rugged individualism" بە نرخی لەنێوبردنی هەستی گشتی پەرەپێدەدرێت، سەرەرای ئەوەی، ئەوانەی کە سەر بە چینە گیرۆدەکانی خوارەوەن، ڕکیان لە چینەکانی سەرەوە دەبێتەوە و ئەوانەی لە چینی سەرەوەن، سڵ لە چینەکانی خوارەوە دەکەنەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، هاوپشتی گشتی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بوونی هەبێت، بەڵام تەنیا هاوپشتییەکی کەم لەنێو ئەو چینانەدا کە بەرژەوەندییان لەتەك زۆرینەی کۆمەڵگە وەك گشتێك ناکۆکە، لە ئارادا دەبێت. (سەرنجی بەشی A.2.6 Why is solidarity important to anarchists? بدەن)

هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین، کە هاوپشتی بە واتای قوربانیدان و نکۆڵی لەخۆکردن نییە. بەو جۆرەی کە ئێریکۆ مالاتێستا Errico Malatesta ڕۆشنیدەکاتەوە :

" هەمووان خۆپەرستین. هەمووان بەدوای خۆڕازیکردنەوەین. بەڵام کەسی ئەنارکیست گەورەترین کامەرانی خۆی لە خەبات بۆ بەختەوەری هەموواندا دەبینێتەوە، لە پێناو بەدەستهێنانی کۆمەڵگەیەك کە تێیدا [وەها] هاوەڵێتییەك لەنێوکۆی هاوەڵان، مرۆڤە تەندرستەکان، هۆشمەند و خوێندەوار و خەڵکانی

هەروەك لە سەرمایەداریدا تاك هێندە "ئازاد"ە، كە خاوەنێك (سەرۆكێك) بۆ خۆی هەڵبژێرێت. سەرەڕای ئەوە، تەنانەت دەستەبژێریش لە وەها بارودۆخێكدا بەڕاستی ئازاد نییە، چونكە ئەویش ناچاردەبێت لە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتووی بێكەڵك و ناپەسەنددا، لەپاڵ سەركوت و ئەشكەنجەی زۆرینەدا بژی. هەروەها لەبەرئەوەی كە گەشە و پەرەسەندنی تاكایەتی، تەنیا لە سایەی پەیوەندی بیسنوور لەتەك كەسانی ئازاد دیكەدا، بە لوتكە دەگات، ئەندامانی دەستەبژێر لەبەر نەبوونی كەسانی ئازاد بۆ پەیوەندیگرتن و كارلێككردن لەتەكیان، توانای پەرەدان بەخۆ و خۆپێگەیاندنیان بەربەستە. (سەرنجی بەشی Why are anarchists in favour of equality? A. 2. 5 بدەن)

دواجار، هاوپشتی واتە یارمەتی و هاریكاری ئاڵووێرانە : كاركردن بەشێوەی خۆبەخشانە و هاریكاری و بەشداری لەتەك ئەوانەی كە هەمان ئامانج، بەرژەوەندییان هەیە. بەڵام بەبێ ئازادی و یەكسانی، كۆمەڵگە دەبێتە قوچكەی چێنە كێبركێگەرەكان لەسەر بنەمای زاڵبوونی چینەكانی سەرەوە بەسەر چینەكانی خوارەوەدا. لە وەها كۆمەڵگەیەكدا، بەو جۆرەی كە بەخۆمان دەزانین، " كەسانی دیكە پاوان دەكەیت یا لەلایەن كەسانی دیكەوە پاوان دەكرێیت" ، "سەگ، سەگ دەخوات" و "هەر

خوێندەری بەڕێز و خۆشەویست، تكایە پاش خوێندنەوەی ئەم بابەتانە، هەڵبژە، هەم پەخنەت لە نێوەڕۆكی بابەتەكان و هەم هەڵسەنگ و پەخنەت لەسەر وەرگێڕان و دارشتنەكە كوردییەكەی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیل ئەدرەسەوە hezheen@journalist.com . ئاراستەی وەرگێڕی كوردی بابەتەكان بكەیت. بەدڵنیاییەوە بەدەربەستبوون و سەرنجەكانت كۆمەكێكی زۆر بە وەرگێڕی كوردیی و خوێنەرەكانی بە خوێنەر و نووسەری بابەتەكان دەكەیت. هیچ شتێك لە سەرووی پەخنەوە نییە و هەموو شتێك بەبێ پەخنە، بوونێكی مردووە. هیچ شتێك تەواو و كۆتایییهاتوو نییە و تەنیا مردوو و دەقی مردوو، دەتوانێت تەواو و كۆتایییهاتووبن. پەخنە زیانە و هەزر لە دەرەوەی زیان هەم بوونی نییە و هەم بە پوچگەرایی كۆتایدێت. لەبەرئەوە و بۆ ئەوەی بیركردنەوە و تێڕوانینمان لە پووچگەرایییەوە سەردەرنەكا، پێویستە بەردەوام بوونمان بە هەموو لایەن و بوار و بەشەكانییەوە بدەینە بەرپەخنە و هەردەم پێداچوونەوەی خۆمان و بیركردنەوەمان بكەین، تاوەكو بەبێی سەردەم هەزر و تێڕوانینمان نۆژەنبێتەوە.

بۆ خوێندنەوەی نووسین و وەرگێڕەكانی دیكەی وەرگێڕ، تكایە سەردانی ئەم بەستەرەی خوارەوە بكەن www.hezheen.tk

بەشی A – ئەنارکیزم چییە؟

پێشەکی

شارستانی هاوچەرخ لەتەك سێ قەیرانی نەهامەتباردا ڕووبەڕووە: (1) هەڵوەشانەوەی کۆمەڵ، ڕادەی ڕوو لە زیادی هەژاری، لانەوازی، تاوان، توندوتیژی، نامۆبوون، ئالوودەیی بە بەنگکەر و ئەلکول، لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نادەربەستی ڕامیاریی، دابەزینی مۆرکە مرۆییەکان، هاتنەخوارەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە دوولایەنییەکان و هیدیکە؛ (2) تێکدان و وێرانکردنی زەمین و جوانی سروشت، کە ژیانی بوونەوەرەکان بەوەوە بەستراوە؛ و (3) زۆربوون و بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان، بەتایبەت چەکە ناوەکییەکان.

بۆچوونە ئۆرتۆدۆکسەکان، لەوانە بۆچوونی "شارەزایان"، دەزگەی ڕاگەیاندنە سەرەکییەکان و ڕامیاران بەگشتی ئەم قەیرانانە لەیەك جیادەکەنەوە و هەر یەکەیان بۆ هۆکاری جیاواز دەگێڕنەوە، هەوڵی لەیەکدابڕاندنی ئەم سیانە، دەدەن. ئەوەی کە ئەم "بۆچوونە ئۆرتۆدۆکسە" بێسەرەنجام دەبێت، ئاساییە،

لێڕسراوەتی کەسی دادەمرکێنێتەوە، بەرەو ملکەچی و لەنێوچوون پاڵپێوەدەنێت. بەو جۆرە، کۆمەڵگەیەك کە گەشەی تاکایەتی بە لوتکە بگەیێنێت، بەپێی پێویست، دەبێت لەسەر بنەمای بەشداری خۆبەخشانەی تاکەکان پێکهاتبێت، نەك لەسەر بنەمای ناچارکردن و دەسەڵاتگەریی. هەروەك پرۆدۆن دەڵێت " هەمووان پەیوەست و یەکگرتوو و هەمووان ئازاد. " یا بە دەربڕینی گاڵیانیGalleani ، ئەنارکیزم "خۆموختاری تاکە لە نێو کۆمەڵی ئازاددا. " [The End of Anarchism?, p. 35] (سەرنج بدەنە بەشی داهاتوو A.2.2 Why do anarchists emphasise liberty?)

ئەگەر ئازادی بۆ گەشە و پەرەسەندی تەواوەتی تاکایەتی شتێکی بنچینەیی بێت، کەواتە یەکسانیش بۆ بوونی ئازادی ڕاستەقینە بنچینەییە. ئازادی ڕاستەقینە ناتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی و قوچکەییدا، کە لەژێر باری سەنگینی نایەکسانییەکانی دەسەڵات، سامان و بەرتەریدا گیرۆدەیە، بوونی هەبێت. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا تەنیا هەژمارێکی کەم - ئەوانەی کە لە لووتکەی قوچکەیی دەسەڵاتدان- بەرژەوەك ئازادن، لە کاتێکدا کە ئەوانی دیکە شێوە-کۆیلەن. دواجار، ئازادی لە نەبوونی یەکسانیدا دەبێت بە گاڵتەجاری - لە باشترین باردا،

دەبێت.

بۆ ئەوەی بوونی تاکایەتی بتوانێت تا دوا پلەی لواو، گەشە بکا و پەرەبسێنێت، ئەنارکیستەکان پێکهێنانی کۆمەڵگە لەسەر سێ بنچینەی :ئازادی، یەکسانی و هاوپشتی، بەپێویست دەزانن. ئەمانە بنچینەی هاوبەشی نێوان هەموو ئەنارکیستەکانن. بەم جۆرە دەبینین، پیتەر کرۆپۆتکین ئەنارکیستی کۆمونیست لەمەڕ شۆڕشێك دەدوێت، کە سروش لە "وشە جوانەکان، ئازادی، یەکسانی و 'هاوپشتی'یەوە وەردەگرێت." [**The Conquest of Bread**, p. 128] ئەنارکیستی تاکگەرا 'پێنیامین توکەر'یش بە ڕوانگەیەکی وێکچووەوە دەنووسێت و دەسەلمێنێت کە ئەنارکیزم "لەسەر سۆشیالیزم پێداگرێت ... لەسەر سۆشیالیزمی ڕاستینە، سۆشیالیزمی ئەنارکیستی: پەرەپێدەراو لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و هاوپشتی. " [**Instead of a Book**, p. 363] ئەم سێ بنچینەیە گرێدراوی یەکدین.

ئازادی بۆ پشکوتنی سەراپای هۆش، داهێنان و کەسایەتی مرۆڤ پێویستە. ژێردەستەبوون لەلایەن کەسانی دیکەوە، واتە بەرگرتن لە هەڵی بەخۆبێرکردنەوە و هەنگاونان، کە تەنیا ڕێگەی گەشە و پەرسەندنی بوونی تاکایەتی مرۆڤە. هەروا زاڵێتی داهێنان و

چونکە ئەم گرفتانە لە باری تەشەنەکردندان. بێگومان ئەگەر یاسا و ڕێسایەکی دی نەگرینەبەر، نەهامەتییەك یەخەمان دەگرێت، چ بەهۆی جەنگە وێرانگەرەکانەوە یا بە هۆی وێرانکردنی ژینگەوە یا لە ڕێگەی گەڕانەوەی درندەگەرییەوە.

ئەنارکیزم بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی هاوبەشی ئەم قەیرانانە، ڕێگەچارەی هاوبەش و پەیوەست دەخاتەڕوو سەرچاوەی هاوبەشی ئەم قەیرانانە کە پایەی بنچینەیی دەسەڵاتی قوچکەیی (**hierarchical authority**) ئەوەی کە گشت پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە "شارستانی"یەکان لەسەری وەساون - چ سەرمایەداریی و چ "کۆمونیست" - پێکدەهێنێت، شتێك نییە بێجگە لە چین و پایەبەندی پێگەکان. لەبەرئەمە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەنارکیستەکان لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، کە تەواوی (دەزگەکان) ڕێکخراوگەلێك کە خوازیاری نێوەندێتی دەسەڵاتن، لە لووتکەی پێکهاتەکاندا (لەسەر بنەمای ئەم بنچینەیە داڕێژراون، لەوانە کۆمپانییەکان، دامەزراوەی کارگێڕیی دەوڵەتی، سوپا، باڵە ڕامیارییەکان، دەزگە ئایینییەکان، دانشگەکان و هیدیکە. پاشان ئەوە دەستنیشاندەکات، کە پەیوەندی تووندوتۆڵی دەسەڵاتداران بەو جۆرە پلە و پایەبەندییە چ کارایییەکی نیگەتیف لەسەر تاکەکان،

کۆمەڵ و فەرهەنگ دادەنێت. لە بەشەکانی (بەشی A) و (بەشی E)دا هەوڵدەدەین سەرنجێك بخەینە سەر شیکردنەوە و توێژینەوەی ئەنارکی لە پلە و پایەبەندیی دەسەڵات و کارایی نیگەتیڤەکانی.

بەڵام پێویستە ئەوەمان لەپێشچاو بێت، کە ئەنارکیزم تەنیا ڕەخنەیەك لە "نیگەتیڤی"ی و "ڤیژانگەری"ی شارستانی هاوچەرخ نییە. بەڵکو پێشنیارێکیشە بۆ کۆمەڵگەی ئازاد. ئێما گۆڵدمان Emma Goldman پرسی ئەنارکیزم ئاوا دەردەبڕێت "پرسێك کە ئەورۆکە ئێمە لەتەکیدا ڕووبەڕووین، ئەوەیە چۆن خاوەنی خۆمان بین و لە کاتی یەکێتی لەتەك کەسانی دیکە و هەستکردن لەتەك کەسەکانی دیکەدا، تایبەتمەندی چۆنییەتی خۆمان بپارێزین. " [**Red Emma Speaks**, pp. 158-159] بەواتایەکی دیکە، چۆن دەتوانین کۆمەڵگەیەك چێبکەین، کە تێیدا لێهاتوویەکان و پێداویستی کەسەکان بهێنرێنەدی، بەڵام نەك بە نرخی پێشێلکردنی لێهاتوویەکان و پێداویستییەکانی کەسانی دیکە! بۆ گەیشتن بەم داخوازییانە، ئەنارکیستەکان ئارەزوومەندی کۆمەڵگەیەك دەبن، کە تێیدا لەجیاتی پاوانکردن "**لە سەرەوە بۆ خوارەوە**" بەهۆی پایەبەندی قوچکەیی دەسەڵاتی نێوەندیی، بەپێی قسەی بێنیامین توکەر Benjamin

خۆیان دەیخوازن و هەم بۆ کەسانی دیکەیش. ئەوان ئاوا دەڕوانینە تاکگەرایی - کەسەکان دەکاتە تاکی پوخت و بێوێنە- ، کە بە گرنگترین لایەنی جۆری مرۆیی دەزانن. لەتەك ئەوەشدا، دان بەوەدا دەنێنن، کە تاکایەتی ناتوانێت لە بۆشاییدا بوونی هەبێت، چونکە تاکایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. لەوێدا کە مرۆڤ بۆ گەشە و پەرەسەندن و پێشکەوتن، پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە، تاکایەتی لە دەرەوەی کۆمەڵدا بوونی نابێت.

سەرەڕای ئەوە، لەنێوان پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵدا کارایەکی ئاڵوگۆڕیی (تبادل) هەیە : تاکەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا گەشەدەکەن و لەلایەن ئەوەوە پێدەگەیێنردرێن، لە هەمان کاتدا، تاکەکان بەهۆی کردەوە و بیرکردنەوەیانەوە کۆمەك بە گۆڕان و پێکهاتنی لایەنەکانی کۆمەڵگە (هەروەها خۆیان و کەسانی دیکە) دەکەن. کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای تاکە ئازادەکان پێکنەهاتبێت، هیوا، ئارەزوو و بۆچوونی تاکەکانی دەستەمۆ دەبن و دەمرن. بەو جۆرە " ئافەراندنی مرۆڤ ... پرۆسەیەکی کۆمەڵیی و هەمووانییە، پرۆسەیەك کە تێیدا هەم کۆمەڵ و هەم تاك تێیدا بەشداردەبن" [Murray Bookchin, **The Modern Crisis**, p. 79]دواجار، هەر تیۆرییەکی ڕامیاری کە تەنیا لەسەر کۆمەڵ یا تاك پایەڕێژی کرابێت، نادروست

A. 2 ئەنارکیزم لە پێناو چییە؟

ئەم دەستەواژانەی پێرسی بایشە شیلیPercy Bysshe Shelley ، بە پوختی ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەنارکیزم بەکردەوە لە پێناو چییە و بەڕەو چ ئایدیالێك ملدەنێت:

مرۆڤ

نە بە دەستووردان ئاسوودەیە و نە گوێڕایەڵی دەکا:

دەسەڵات، وەك تاعون لەنێوبەرە

هەرچی بەر چنگ کەوێت، ملکەچی دەکا؛

هەرچی توانا و چاکە و ئازادی و ڕاستییە لەنێویدەبا

مرۆڤ و دەورەبەرەکەی دەکاتە کۆیلە و

دەزگەیەکی بێگیانی لێچێدەکا

هەروەك دێرەکانی شیلی دەستنیشانیدەکەن، ئەنارکیستەکان ئازادی لە بەرزترین و سەرەکیترین پلەدا دادەنێن و هەم بۆ

Tucker کاروباری مرۆڤایەتی" لە ڕێگەی کەسەکان یا ئەنجومەنە خۆبەخشییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت. ". [**Anarchist Reader**, p. 149] لە کاتێکدا کە لە بەشەکانی (بەشی I) و (بەشی J) دەچینە سەر ڕۆشنکردنەوەی پێشنیارە پۆزەتیڤەکانی ئەنارکیزم لەمەڕ بەڕپاکردنی وەها کۆمەڵگەیەك لە "خوارەوە بۆ سەرەوە"، لە بەشە پێشووتردا کڕۆکی سازێنەرانەی ئەنارکیزمان بۆ دەردەکەوێت. کڕۆکی سازێنەر و پۆزەتیڤی ئەنارکیزم، تەنانەت لە ڕەخنەیدا لە شێوەکارە ناتەواوەکانی مارکسیزم و "لیبرالیزم"ی دەستی ڕاستی بە ئاشکرا دەردەکەوێت. بڕوانە (بەشی F) و (بەشیH)

هەروا کە کلیفۆرد هارپەر Clifford Harper دەڵێت[1] " ئەنارکیزم، کاتێك کە لە بنەماوە بناسرێت، هەروەك گشت بۆچوونە گەورەکان، زۆر سادەیە - مرۆڤەکان لە لوتکەی شکۆ و گەورەییدا دەبن، کاتێك کە ئازادانە دوور لە فەرمانڕەوایی بەژین و لەجیاتی فەرمان وەرگرتن، لەنێوان خۆیاندا بڕیاردەدەن[**Anarchy: A Graphic Guide**, p. vii] ". لەسەر بنەمای داخوازی بۆ فراوانکردنی ئازادی کۆمەڵایەتی تا دوا پلەی گونجاو، ئەنارکیستەکان خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەزگە سەرکوتگەر و سەرووخەڵکییەکانن:

لەبەرامبەر ئەوەی، تەواوی دەزگەکان لەسەر بنەمای پایەبەندییە

قوچکەییکان (hierarchy) پێکهاتوون و خووی سەرکوتگەرانەیان ڕاستەوخۆ لەم پایەبەندیانەوە سەرچاوەدەگرێت. " کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە ڕامیاریەکان و دەزگە سەپێنراوەکان، کە بەربەستی بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتین، داخوازی هاوبەشی گشت ئەنارکیستەکانە **[Rudolf Rocker**, Anarcho-Syndicalism, **p. 9]**.

ئەنارکیزم تیۆریەکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ڕامیاریە، بەڵام هیچ کات ئایدیۆلۆجیا نییە. ئەم جیاوازیە زۆر گرنگە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، تیئۆری واتە تۆ خاوەنی هزرێکی. لە کاتێکدا لە ئایدیۆلۆجیادا هزر خاوەنی تۆیە. ئەنارکیزم پەیکەرەیەکە لە هزرەکان، بەڵام شاییستەی گونجانە (flexible)، بەردەوام لە باری پێگەییین و ڕەوتاندندایە و هەردەم بە ڕووی زانیاری تازەدا کراوەیە. بە جۆرێك کە لەتەك گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەنارکیزمیش پێشدەکەوێت و هەڵدەکێشێت. لە بەرامبەردا، ئایدیۆلۆجی کۆمەڵە بۆچوونێکی " نەگۆڕ" ە، کە خەڵکی دەمارگیرانە باوەڕیان پێیەتی و بەگشتی نکۆڵی لە ڕاستی و گۆڕان دەکات. تەواوی ئەو بۆچوونە "نەگۆڕانە" سەرچاوەی سەرکوت و ناکۆکین، لە هەوڵی خۆسەپاندن و توانەوەی کەسەکانە لە

سوکایەتی دەسەڵاتداراندا، بەرەنگاری و بزاڤگەلێك لەدایکدەبن، کە ئاراستەی ئەنارکیستیان دەبێت (بێگومان، هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ دەسەڵاتداری ناتوانێت ببێت، مەگەر ئەوەی ئەنارکیستی بێت).

بەواتایەکی دیکە، ئەنارکیزم بریتییە لە دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر چەوسانەوە و بەهرەکێشی، گشتگیرکردنی ئەزموونی خەڵکانی کرێکار و شیکردنەوەی ئەوەی کە لە سیستەمی هەنووکەییدا چی هەڵەیە و هەروا دەربڕینی هیوا و ئارەزووەکانمانە بۆ داهاتوویەکی باشتر. ئەم ململانێیانە بەر لەوەی ناوبانبنرێت ئەنارکیزم، بوونیان هەبووە، بەڵام بزاڤە ئەنارکیستییە مێژوویەکان (بەو تێگەیشتنەی کە کۆمەڵە کەسێك بۆچوونەکانی خۆیان ناودەنێن ئەنارکیزم و ئامانجیان کۆمەڵگەیەکی ئەنارکییە) لە بنەڕەتدا بەرهەمی خەباتی چینی کرێکارە دژی سەرمایەداری و دەوڵەت، دژی چەوسانەوە و بەهرەکێشی و هەروەها بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە تاکە ئازاد و یەکسانەکان.

*ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نەهاتووە، لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەرگێراوە. و. ك

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی: http://no-compromise. blogfa. com/post-8. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی: http://www. infoshop. org/faq/index. html

سەردەمی شۆڕشی فەرەنسە" لە ساڵی ١٧٩٣دا، بوون. [Op. Cit. , p. 159]

بەم جۆرە، لە کاتێکدا کە ئەنارکیزم تیۆرییەکی ڕامیاریبە بۆ دەربڕینی خەباتی چینی کرێکار و چالاکی- خۆبەخۆیی لە دژی سەرمایەداری و دەوڵەتی هاوچەرخ، بۆچوونەکانی ئەنارکیزم بە بەردەوامی لە هەر کوێیەك مرۆڤایەتی هەبووبێت، خۆیان خستووەتەڕوو و دەرکەوتوون. بۆ نموونە، زۆرێك لە گەلانی بومی (indigenous)ئەمەریکای باکووریی و ناوچەکانی دیکەی سەر زەوی بەر لەوەی ئەنارکیزم وەك تیۆرییەکی ڕامیاری دیاریکراو دەربکەوێت، بۆ هەزاران ساڵ بەکارپانبردووە. هەروا، ئاراستە و ڕێکخراوە ئەنارکیستییەکان لە شۆڕشە گەورەکاندا ئامادەییان هەبووە- - کۆبوونەوە گشتییەکانی شاری نیو ئینگلاند لە ڕەوتی شۆڕشی ئەمەریکادا، گەڕەکەکانی [بەشەکانی] پاریس لە ڕەوتی شۆڕشی فەرەنسەدا، هەروەها ئەنجومەنەکان و کۆمیتەی کرێکارییەکان لە ڕەوتی شۆڕشی ڕوسیەدا نموونەگەلێکن لە ئاراستە ئەنارکییەکان (بۆ زنیاری زیاتر سەرنجی **The Third Revolution**، Murray Bookchin بدەن). کەواتە شتێکی ئاوا چاوەڕوانکراوە، ئەگەر ئەنارکیزم بەو جۆرەی کە ئێمە مشتومڕی لەسەر دەکەین، بەرهەمی بەرەنگاریبە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و هەروا لە بەرامبەر

خۆیدا. بە چاوپۆشی لەوەی ئەو ئایدیۆلۆجیایە) لێنینیزم (بێت یا بابەتگەرایی، لیبرالیزم "ئازادیخوازی" یا هەر شتێکی دیکە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموویان سەرەنجامێکی چوونیەکیان هەیە؛ لەنێوبردنی کەسانی ڕاستینە لەژێر ناوی باوەڕدا. باوەڕێك کە بەگشتی بەرژەوەندی ژمارەیەك دەسەڵاتدار لەبەرچاو دەگرێت، یا بەو جۆرەی کە باکۆنین Michael Bakunin دەڵێت :

" تاکو ئەوڕۆکە مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا وێنایەکی بەردەوامی قوربانیبوونی ملیۆنەها مرۆڤی بێتاوان لە سایەی شانازی بێبنەمای خوا، وڵات، توانادارى دەوڵەت، شانازی نەتەوەیی، مافی مێژوویی، ئازادی ڕامیاریی، خۆشگوزەرانی گشتیدا بووە."
[**God and the State**, p. 59]

دۆگماکان مەرگ و بەستەڵەك لە جومگەکانیاندایە و بەگشتی چێکراوی چەند "پەیامبەر"ێکی مردووی ئایینی یا سیکیولاریستن، کە پەیڕەوانیان وەك بەرد لە باوەڕەکانیان بتیان چێکردووە. ئەنارکیستەکان دەیانەوێت مرۆڤی زیندوو، مردووان کفن بکا و بتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات. مرۆڤی زیندوو دەبێت فەرمانڕەوایی مردووەکان بکات، نەك پێچەوانەوەکەی. ئایدیۆلۆجییەکان دوژمنی سەرسەختی بیری ڕەخنەگرانە و

ئازادیخوازین ... بە پەرتوکێکی پڕ لە فەرمان و "وەڵام" لە "لێپرسراوەتی" و خۆبیرکردنەوە دوورمان دەخەنەوە!

ئێمە بە ئامادەکردنی ئەم پرسیارە چەندبارەکراوانە (FAQ) لەمەڕ ئەنارکیزم بە هیچ شێوەیەك هەوڵی وەڵامدانەوەی "ڕاست" نین و نامانەوێت پەرتووکێکی نوێ لە یاساکان بخەینەڕوو. ئێمە لەم (FAQ)دا کورتەیەك لەمەڕ ڕابوردووی ئەنارکیزم ڕۆشدەکەینەوە، بەڵام فرەتر پێ لەسەر چوارچێوە هاوچەرخەکانی دادەگرین و ئەوەی بۆچی ئەورۆکە ئێمە ئەنارکیستین. ئەم (FAQ) هەوڵێکە بۆ بەئاگاهێنانی هەستی بیرکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوە لە دەروونی ئێودا. بەڵام ئەگەر ئێوە لە دووی ئایدیۆلۆجییەکی نوێ دەگەڕێن، ئەوا ئەنارکیزم بە کەڵکی ئەنگۆ نایێت.

ئەگەرچی ئەنارکیستەکان هەوڵدەدەن تا کەسی کەتواریی و لۆجیکی بن، بەڵام پەسەند "معقول" نین. مرۆڤە "پەسەندەکان" بەشێوەی ناڕەخنەیی هەرچی کە " شارەزایان " و "دەسەڵاتداران" بە "ڕاست" بزانن، وەریدەگرن و سەرەنجام هەمیشە کۆیلە دەبن. وەك باکۆنین دەڵێت ئەنارکیستەکان دەزانن کە:

" مرۆڤ تەنیا کاتێك بەهێزە، کە بتوانێت پێ لەسەر ڕاستییەکانی دابگرێت، ئەوەش کاتێکە کە کارکرد و گوتەکانی لە دەروونی

" هەر لە کۆنەوە، لە سەردەمی چاخی بەردیندا، مرۆڤەکان پەیان بەوە بردووە، کە بەکرێگرتنی کەسانێك لێیان لەلایەن هیندێکەوە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دەسەڵاتی ئەو هێندە ...ئیدی لێرەوە، لە نێو خێلە سەرەتاییەکان، گوندنشینەکان، سەدەکانی نێوەڕاست ...و دواجار لە نێو ئازادشارەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، لەوانە دەزگەگەلێك کە توانای بەرەنگاری دژی ئەوانەی دەستیان بەسەر ژیانیان و سامانیاندا دەگرت، هەر دووك چ ئەو نامۆیانەی کە دەستیان بەسەر ئەماندا دەگرت، چ پیاوانی ناو خێڵەکەی خۆیان، کە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەدا، هەبوو. " [**Anarchism**, pp. 158-9]

کرۆپۆتکین خەباتی کەسانی چینی کرێکار (ئەوەی کە ئەنارکیزمی هاوچەرخ لێوەی هەڵقووڵاوە)، لە جێی خەباتی ڕێکخراوە گەلییەکانی سەردەمی کۆندا دانا. هەروا گوتی "پەیوەندییە کرێکاریەکان ... بەرەنجامی هەمان بەرەنگاری و دژایەتی گشتیی بەرامبەر فراواندیبوونی دەسەڵاتی کەمایەتی بوون - لێرەدا مەبەست لە سەرمایەدارەکانە" هەروەها وەك بەرەنجامی بەرەنگاری لەنێو خێڵەکان، گوندنشینەکان و هەروا "مانگرتنە ئازادەکان، چالاکییە فێدراتیڤییەکانی چەند بەشێکی پاریس و گشت شارە گەورەکان و هەروا 'شارەوانییە' گچکەکان لە

لەتەك ئەوەشدا، ئاراستە ئەنارکیستییەکان و ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەدا ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی کە بڕۆدۆن دەست بە نووسین بکات و لە ساڵی ١٨٤٠ دا خۆی بە ئەنارکیست بناسێنێت، بوونیان هەبووە. هاوکات ئەنارکیزم، وەك تیۆرییەکی ڕامیاری دیاریکراو، لەتەك پەرەسەندنی سەرمایەداری لەدایکبوو (ئەنارکیزم " لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا دەرکەوت... [و] هاوکات بەرهەڵستییەکی دوولایەنەی بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری و دەوڵەت لە ئەستۆ گرتووە. " [Peter Marshall, **Op. Cit.** , p. [4] نووسەرانی ئەنارکیست مێژووی ئاراستە ئازادیخوازەکانیان شیکردووەتەوە. بۆ نموونە، کرۆپۆتکین واتەنی " لە هەموو سەردەمەکاندا ئەنارکیستان و دەوڵەتخوازان هەبوون. " [**Op. Cit.** , p. 16]لە پەرتووکی کۆمەکی ئاڵووێرانە «**Mutual Aid**» (نووسینەکانی دیکەیدا)، کرۆپۆتکین لێکۆڵینەوەی لەسەر لایەنی ئازادیخوازانەی کۆمەڵگە پێشینەکان کردووە و تێبینی ئەوانەی کردووە، کە دەکرێت بە سەرکەوتووانە (بەڕادەیەك) لە ڕێکخراوە یا لایەنەکانی ئەنارکیزمدا جێبەجێبکرێن. ئەو کارایی ئاراستەی نموونە کردەییەکان لەسەر بۆچوونە ئەنارکییەکان دیاریکردووە، کە پێش سەرهەڵدانی (فەرمی) بزاڤی ئەنارکیستی بوونیان هەبووە و مشتومڕیان لەسەر دەکات:

خۆیەوە سەرچاوە بگرن، ئەوسا لە هەر هەلومەرجێکدا بێت، دەزانێت چی بکات و چی بڵێت. کەسی ئاوا بۆی هەیە تێکبشکێت، بەڵام هەرگیز شەرم لە خۆدەربڕین و داننان بە هۆیەکانی تێکشانی ناکات." [quoted in Albert Meltzer, **I couldn't Paint Golden Angels**, p. 2]

ئەوەی باکۆنین ڕۆشنیدەکاتەوە، وزەی هزری سەربەخۆیە، کە هەمان وزەی ئازادییە. ئێمە هانتان دەدەین تا "پەسەند" نەبن و کوێرانە وتەی کەسانی دیکە وەرنەگرن. بە خۆتان بیربکەنەوە و هەنگاو بنێن !

دوا خاڵ ئەوەیە، کە بە دڵنیاییەوە ئەم (FAQ) دوا قسە **نییە** لەمەڕ ئەنارکیزم. لەوانەیە زۆربەی ئەنارکیستەکان لەتەك ئەوەی، کە لێرەدا نووسراوە ناکۆك بن و کاتێك کە مرۆڤەکان بەخۆیان بیربکەنەوە، شتێکی وا شیاوی لەبەرچاوگرتنە. تەواوی ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت، ئەوەیە کە بۆچوونە **پاییەکانی** ئەنارکیزم دیاربکەین و شیکردنەوە و توێژینەوەی خۆمان لەمەڕ بابەتگەلی دیاریکراو بخەینەڕوو.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسی : http://no-compromise. blogfa. com/post-2. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزییەکەی :

http://anarchism.pageabode.com/afaq/secAint.html

A. 1 ئەنارکیزم چییە؟

ئەنارکیزم تیئۆریيەکی ڕامیاریيە بە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئەنارکی "بێخاوەن و بێسەروەر. " [P-J Proudhon, What is Property , p. 264] بەواتایەکی دیکە، ئەنارکیزم تیئۆریيەکی ڕامیاریيە، کە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە، کە تێیدا کەسەکان بەشێوەیەکی ئازادانە و یەکسان، هاریکاری یەکدی دەکەن. لەبەرئەمە ئەنارکیزم دژ بە هەموو جۆرە کۆنترۆڵێکی قوچکەیيە (hierarchical control) -چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە - وەک شتێکی زیانبەخش بۆ کەسەکان و تاکایەتییان، هەروەها ناپێویستیشە.

بە وتەی سوزان براون L. Susan Brownی ئەنارکیست :

" لە کاتێکدا دەرکی خەڵکی لە ئەنارکیزم تووندوتیژییە، بزاڤی دژەدەوڵەتی، ئەنارکیزم فرەتر ڕێبازێکی جوان و وردکارە تا نەیاریيەکی سادە لەتەک دەوڵەت. ئەنارکیستەکان دژی ئەو شێوازە بیرکردنەوەن، کە دەسەڵات و سەروەری بۆ کۆمەڵگە بە پێویستییەکی ناچاری دەزانن و لە بەرامبەر ئەوەدا پشتیوانی لە گەلکاری و هەرەوەزی، شێوە ناپایەبەندی قوچکەیی کۆمەڵگە و

بۆرجوازییەوە)، بەردوام هەوڵدراوە ئەوە بنوێنرێت، کە چینی کرێکار پێویستی بە ڕابەری بۆرجوازی هەیە." [Anarchism: Arguments for and against, p. 18]

لە ڕوانگەی کرۆپۆتکین دا، " ئەنارکیزم ڕیشەی لەو چالاکییە داهێنەر و سازێنەرانەی جەماوەردا هەیە، کە لە تەواوی دەزگە کۆمەڵایەتییە مرۆڤکردەکان و لە شۆڕشەکاندا ... دژی نوێنەرانیی زۆرداری، ئەوانەی لە دەرەوەی دەزگە کۆمەڵایەتییانەدا، دەستیان بەسەر دەزگەکاندا گرتووە و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریانبردووون. " دواتر " ئەنارکی لەنێو هەمان ڕەخنە و ناڕەزایەتییە شۆڕشگێڕانانەیەوە هاتۆتەبوون، کە بووە هۆی لەدایکبوونی سۆشیالیزم بەگشتی. " ئەنارکیزم بەپێچەوانەی شێوەکانی دیکەی سۆشیالیزمەوە " نەک تەنیا مستی گرمۆڵەی بەرامبەر سەرمایەداری، بەڵکو لە دژی پایەکانی سەرمایەداری : یاسا، سەروەریی و دەوڵەتیش بەرزکردەوە. " گشت نووسەرە ئەنارکیستەکان ئەوەی ئەنجامیانداوە " ئامادەکردنی دەربڕێنێکی گشتی بووە لەمەڕ بنەماکانی [ئەنارکیزم] و بنچینەی زانستی و تیئۆریی فێرکارییەکانی. کە لە ئەزموونی خەباتی خەڵکانی چینی کرێکار و هەروا لە شیکردنەوەی ئاراستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەوە بەگشتی، سەرچاوەیانگرتووە. " [Op. Cit., p. 19 and p. 57]

ئارەزوومان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی تەواو مرۆڤانەدایە، ژیانێك كە لەوێدا كاتمان بۆ ژیان، بۆ ئەویندارى و بۆ یارى هەیە. چونكە زادەى بیرى كەسانێكى گۆشەگیر لە ژیان نییە، كە لە سەرەوەرا بۆ خوارەوە لە خەڵك و كۆمەڵگە بڕوانن و لەسەر بنەماى وێناكردنى خۆیان لەمەڕ چاكە و خراپە، دادوەرییان بكەن. لەجیاتى ئەوە، ئەنارکیزم بەرەنجامى بەرهەڵستى چینى كرێكارە لە بەرامبەر دەسەڵات، چەوسانەوە و بەهرەكێشى. ئاوا كە ئالبێرت مێلتزەر Albert Meltzer بۆى چووە :

" ئەنارکیزم هەرگیز بەرەنجامى بیرى تیۆرىدارێژان نەبووە، بەڵام بەخۆى تیۆرىدارێژەرانى بەرهەمهێناوە، كە لایەنە جۆراوجۆرەكانى فیلۆسۆفى ئەویان خستووەتە بەر توێژینەوە. ئەنارکیزم وەك باوەڕێك، لە كردارەوە سەرچاوەى گرتووە و كاریگەرووە، نەك كردەییكردنى بۆچوونى ڕۆشنبیران. زۆر جار، بۆرجوا نووسەرێك بەتەنیا دێت و ئەوەى كە تا هەنووكە لەلایەن كرێكاران و جوتیارانەوە كردەیى كراوەتەوە و وەڵامدراوەتەوە، دەینووسێتەوە؛ دواتر بە بەردەوامى ئەو نووسەرە لەلایەن مێژوونووسانى بۆرجوازییەوە وەك ڕابەر خراوەتەڕوو و ئەو كردەییەكردنە وەك بەرەنجامى بۆچوونى نووسەرە بۆرجوازییەكان یادەدەكرێتەوە (بە گێڕانەوە لە مێژوونووسانى

ڕێكخراوەى ڕامیارىى و ئابوورىى دەكەن." [**The Politics of Individualism**, p. 106]

هەرچەندە هەمیشە لە نێوان گشت تیۆرییە ڕامیاریەكاندا، " ئەنارکیزم " و " ئەنارکى " خراپتر لە هەمووان وێناكراون. بەگشتى، ئەم واژانە وەك " ئاژاوە " یا " بێسەروبەرەیى " بەكاردەبرێن و سەرەنجام ئەو شێوازى بیركردنەوەیە بەو وێنانەنانەوە، دەكەنە بەڵگەى ئاژاوەخوازى ئەنارکیستەكان و حەزى ئەوان بە " گەرانەوە بۆ یاساكانى جەنگەڵ ".

ڕەوتى ئەم خراپ وێناندنە، بێ پێشینەى مێژووىى نییە. بۆ نموونە لە وڵاتانێكدا كە فەرمانڕەوایەتى (حكومەت) لەژێر فەرمەنڕەوایى تاكەكەس (شانشینى)دایە، واژەگەلى وەك " كۆمارى " و " دیموكراسى " ڕێك بە واتاى " ئەنارکى "، واتە بۆ دەربڕینى بێنەزمى و تێكدان بەكار دەبرێن. هەر بۆیە ئەوانەى كە لە بوونى بارودۆخى هەنووكەیى سوودمەندن، هەوڵدەدەن تاوەكو ئەو بیركردنەوەیە دەربڕن، كە لە سایەیدا نەیارىى لەتەك سیستمى هەنووكەیى بێكەڵك بێت و كۆمەڵى تازە دەكێشرێتە ژێر تۆمەتى بێسەروبەرەیى. یان ئاوا كە ئێریكۆ مالاتێستا Errico Malatesta دەربیدەبڕێت :

" لەوەتەی وا بیردەکرێتەوە، کە فەرمانڕەوایەتی پێویستە و بەبێ فەرمانڕەوایەتی بۆی هەیە شێوان و پەرێشانی بەرپابێت، ئیدی زۆر سروشتی و لۆجیکییە، کە ئەنارکی، ئەوەی کە بە واتای نەبوونی فەرمانڕەوایەتییە، بە واتای نەمانی نەزم و ڕێکخستن لێکبدرێتەوە. " [**Anarchy**, p. 16]

ئەنارکیستەکان دەیانەوێت ئەم "دەرکە ناڕۆشنە گشتگیرە" بۆ ئەنارکی بگۆڕن، تاوەکو خەڵکی زیان و نەهامەتییەکانی فەرمانڕەوایەتی (حکومت) و هەر جۆرە پەیوەندییەکی پایەبەندیی قوچکەییانەیان بۆ دەر بکەوێت :

" گۆڕینی بۆچوون و خەڵکی هێنانە سەر ئەو بڕوایەی، کە بوونی فەرمانڕەوایەتی نەك تەنیا پێویست نییە، بەڵکو زۆر زیانبەخشیشە، ئەو کات واژەی ئەنارکی، کە بە واتای نەمانی فەرمانڕەوایەتییە بۆ هەمووان یەك تێگەیشتنی دەبێت : نەزم و ڕێکخستنی سروشتی، یەکبوونی پێداویستییە مرۆییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئازادی بێسنوور لە چوارچێوەی هاوپشتی بێسنووردا. " [**Op. Cit.** , pp. 16]

ئەم (FAQ) بەشێکە لە پرۆسێسی گۆڕینی ئەو بیرکردنەوە زاڵە لەمەڕ ئەنارکیزم و واتای ئەنارکی. بەڵام ئەمە گشت شتەکە نییە.

وانەی لە ئەزموونە گرنگە کردەییکانەوە وەرگرتبێت، نۆژەنبووەتەوە؛ ئەنارکیزم لە فێرکارییەکانی ژیانەوە هەڵقوڵاوە. " [**Evolution and Environment**, p. 58 and p. 57]لای پرۆدۆن، " بەڵگە" بۆ ئاڵۆڕییبوونی(mutualist) بۆچوونەکانی لەنێو "کردەی هەنووکەیی، کردە شۆڕشگێڕییەکان"ی کۆمەڵە کرێکارییەکاندایە ... ئەوانەی کە خۆبەخۆ ... لە پاریس Paris و لیۆن Lyon پێکهاتن] ...ئەوە نیشاندەدەن [ڕێکخراوی دانپێدانراو و ڕێکخراوی کرێکاریی هەر یەکن و هاوتان. " [No Gods, No Masters, vol. 1, pp. 59-60] لەڕاستیدا، وەك چۆن مێژوونوسێك مشتومڕی لەسەر دەکات، بوونی "پەیوەندییەکی پتەو و وێکچوو لە نێوان ئەو نموونە باڵایەی پرۆدۆن ...و بەرنامەی ئاڵۆڕیی لیۆن" و " نزیکایەتییەکی بەرچاو (لەنێوان بۆچوونەکاندا) هەبوو، پێدەچێت کە پرۆدۆن باشتر توانیبێتی بەرنامەکەی بەهۆی هۆگریی بۆ نموونەی کریکارانی ئاوریشمی لیۆن دەربڕێت. سۆشیالیزمێکی نموونەیی، کە ئەو پێداگریی لەسەر دەکرد، بەکردەوە لەلایەن کرێکارانەوە کەتواریی دەکرایەوە و دەرکدەکرا. " **[K. Steven Vincent, Pierre-Joseph Proudhon and the Rise of French Republican Socialism, p. 164]** *

بەم جۆرە، ئەنارکیزم ڕیشەی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و

سەرچاوەدەگرێت، دەرکگەلێك کە لە باشترین سەردەمەکانی ژیان و هەڵچوونی خەباتی جەماوەریيەوە لەدایکدەبن. "

" ئەندیشمەندە دەرکەوتووە ئەنارکیستەکان لەوانە باکونین و کرۆپۆتکین و ئەوانی دیکە، هیچ کات داهێنەری بۆچوونەکانی ئەنارکیزم نین، بەڵکو بە بەدەرکردنیان لەنێو خەڵك و هەروا بە زانین و سەرنجی خۆیان هەوڵیانداوە تا ڕۆشنتر و فراوانتریان بکەن. " [pp. 15-16]

هەروەك بزاڤە ئەنارکیستەکان بەگشتی، (ماخنۆڤیست)یش بزاڤێکی جەماوەریی چینی کرێکار و بەرهەڵستی گەل بوو، کە لە ئۆکرانیا لەبەرامبەر هەر دووك دەسەڵاتی سوور (کۆمونیست) و سپی (تزاریست و سەرمایەداری) لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢١ بەرەنگاریی کرد. بەو جۆرەی کە پیتەر مارشاڵ Peter Marshallتێبینیکرد " ئەنارکیزم ... بەزۆری پارێزەران و پشتیوانیگەرانی خۆی لەنێو کرێکاران و جوتیاراندا پەیداکردووە."
[Demanding the Impossible, p. 652]

ئەنارکیزم لەنێو خەباتی چەوساوان و بەهۆی ئەوانەوە بۆ ئازادی سەریهەڵداوە. لە لای کرۆپۆتکین، " ئەنارکیزم ... لە خەباتی ڕۆژانەدا ڕێکخراودەبێت" و "بزاڤی ئەنارکیستیی، هەر کات کە

هەروەها لە پاڵ خەبات دژی شێواندنی بەرهەمهاتوو لەلایەن "دەرکی ناڕۆشنی گشتی"یەوە بەرامبەر " ئەنارکی "، دەبێت ئێمە لە دژی شێواندنی درێژماوەی دەستکردی دوژمنانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیمان لەمەڕ ئەنارکیزم و ئەنارکیستەکان تێبکۆشین. بەو جۆرەی کە بارتۆلۆمیۆ ڤانزەتی Bartolomeo Vanzetti لەبارەی ئەنارکیستەکانەوە دەڵێت " ڕادیکاڵترینی رادیکاڵەکان ، پشیلە کێویيەکان" ترسێنەر و حەپەسێنەری ڕیاکاران و دەمارگیران و بەهرەکێشان و دەستبڕان و خۆدەرخەران و ستەمکارانن ...تد، ئێمە زیاتر لە هەموو کەسێك کەوتووینەتە بەر ستەمکاری، خراپ نیشاندراوین و خەڵکمان خراپ لێ تێگەیێندراوە. " [Nicola Sacco and Bartolomeo Vanzetti, **The Letters of Sacco and Vanzetti**, p. 274]

ڤانزەتی دەیزانی لەمەڕ چی دەدوێت. ئەو و هاوەڵە خۆشەویستەکەی نیکۆلا ساکۆ Nicola Sacco لەلایەن دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لەسەر تاوانێك، کە ئەوان دەستیان تێدا نەبوو، زیندانیکران و لە هەمان ساڵدا لەبەرئەوەی کە ئەنارکی و خەڵکی ئەوێندەرێ نەبوون، ساڵی ١٩٢٧ بە ئەلەکتریك لە سێدارەدران. لەبەرئەوە ئەم (FAQ) لە هەوڵی ئەوەدایە، تاوەکو سوکایەتی و تۆمەتگەلی هەڵبەستراو بۆ ئەنارکیستەکان

لەلایەن دەزگەکانی ڕاگەیاندنی سەرمایەداریی، ڕامیاران و سەرۆکەکان بە درۆبخاتەوە (بەخۆڵادان لەو تۆمەتانەی کە دۆستە ڕادیکاڵەکانی جارانمان – لەوانە لیبرڵەکان و مارکسیستەکان - بۆیاندروستکردووین). هیوادارین کە توانیبێتمان لە کۆتایی ئەم (FAQ)دا ئەوە ڕۆشنبکەینەوە، کە بۆچی دەسەڵاتدارانی سەردەم ئەو گشتە کاتەیان بۆ هێرشکردنە سەر ئەنارکیزم خەرجکردووە. ... لەبە ئەوەی ئەنارکیزم تاکە تیۆرییەکە، کە بنەڕەتییانە ئازادی بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات و کۆتایی بە هەموو ئەو سیستمانە – کە لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایەتی کەمایەتی بەسەر زۆرایەتی دامەزراون - دەهێنێت.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-3. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی :http://www. infoshop. org/faq/index. htm

A. 1. 5 ئەنارکیزم لە کوێ سەریهەڵداوە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ناتوانین شتێکی باشتر لە بەرنامەی ڕێکخراوی کۆمونیستە ئازادیخوازەکان (Organizational Platform of the Libertarian Communists) کە لەلایەن بەشداربووانی بزاڤی ماخنۆڤیستی Makhnovist لە ڕەوتی (شۆڕشی ڕوسیە)دا کۆکراوەتەوە، دیاریبکەین (سەرنجی بەشی A. 5. 4) بدەن.

" ململانێی چینایەتی بەهۆی کۆیلەتی و چەوسانەوەی کرێکارانەوە سەرهەڵدەدات و ئاڕەزوومەندی و حەزیان بۆ ئازادی بووەتە هۆی ئافراندنی بۆچوونەکانی ئەنارکیزم؛ بۆچوونگەلێك، کە دژی هەموو جۆرە سیستمێکی کۆمەڵایەتی یبنیاتنراو لەسەر بنەمای چینەکان و دەوڵەت و خوازیاری جێگرتنەوەیانن بە کۆمەڵگەیەکی نادەوڵەتی لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران. "

"بەم جۆرە، ئەنارکیزم لە بیرکردنەوەی هیچ بیریار و فیلۆسۆفێکەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو هەڵقوڵاوی ڕاستەخۆی خەباتی کرێکارانە لە دژی سەرمایەداری، لە پێویستی و ناچاریی کرێکارانەوە، لە دەرکیانەوە بۆ ئازادی و یەکسانی

A. 1. 1 واژەی "ئەنارکی" چی دەگەیێنێت؟

ڕیشەی وشەی ئەنارکی " **anarchy** " بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە. پێشگری (**an**) یا (**a**) بەواتای " نا "، " بەبێ"، " نەبوون" لەتەك واژەی (**archos**) کە بەواتای " فەرمانڕەوا "، " بەڕێوەبەر "، "سەروەر"، " فەرماندەر " یا " دەسەڵاتدار" دێت، یا بەو جۆرەی کە پیتەر کرۆپۆتکین Peter Kropotkin لە بارەیەوە دەڵێت " واژەی ئەنارکی ڕیشەی یۆنانی هەیە و بەواتای 'دژە دەسەڵات' دێت. " [**Anarchism**, p. 284]

لە کاتێکدا کە واژە یۆنانییەکانی **anarchos** و **anarchia** بە زۆری بە " نەبوونی فەرمانڕەوایەتی" یا "بەبێ فەرمانڕەوایی" لێکدەدرێنەوە، واتای ڕەسەنی ئەنارکیزم تەنیا بەواتای بە "نەبوونی فەرمانڕەوایەتی" نییە. " **An-archy** " بەواتای " بەبێ فەرمانڕەوا " یا بەشێوەیەکی گشتی بەواتای " بێسەروەریی" دێت. بۆ نموونە کرۆپۆتکین ئاوا مشتومڕی لەسەر دەکات، کە ئەنارکیزم " نەك تەنیا هێرش دەکاتە سەر سەرمایە، بەڵکو هێرش دەکاتە سەر ڕیشەکانی – یاسا، دەسەڵاتی سەرمایە، سەروەریی و دەوڵەت - . " [**Op. Cit.** , p. 150] بۆ ئەنارکیستەکان، ئەنارکی بەو جۆرەی کە بەگشتی وێنادەکرێت، بەواتای بێسەروبەرەیی

شتێکە کە ئێمە پێیداگریی لەسەر دەکەین، هەموو ئەنارکیستەکان لەسەر ئەمە هاوڕان (بۆ لێدوانی فرەتر لەمەڕ "ئەنارکۆ"- سەرمایەداری، کە ئەنارکیزم نییە، سەرنجی بەشی F بدەن.

* 1ی ئایاری 1886 لە شیکاگۆ (و. ك)

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-7. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی :http://www. infoshop. org/faq/index. html

نییە، بەڵکو بەواتای نەبوونی دەستوور و فەرمانە. "[Benjamin Tucker, **Instead of a Book**, p. 13] لەم ڕووەوە باشترە سەرنجی کورتەیەکی زۆر جوانی داڤید وایك David Weick لەمەڕ ئەنارکیزم بدەین:

" ئەنارکیزم دەتوانرێت وەك بیرێکی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی دەرکبکرێت، کە دژی هەموو جۆرە دەسەڵات، فەرمانڕەوایی، زاڵیی و چینبەندییەکی قوچکەیی، وێست و داخوازیگەلێکە بۆ سڕینەوی هەموو ئەوانە .... بەم پێیە ئەنارکیزم شتێکە واوەتر لە دژەدەوڵەتی.... هەرچەندە ئەگەر فەرمانڕەوایەتی (دەوڵەت) ... بە دیاریکراوی نێوەندی ڕەخنەی ئەنارکیستەکان بێت" [**Reinventing Anarchy**, p. 139]

لەبەرئەوە، ئەنارکیزم لە بنەڕەتدا لەجیاتی ئەوەی دژەدەوڵەت یا دژەفەرمانڕەوایەتی بێت، بزاڤێکە دژی پێکهاتە قوچکەیی (hierarchy). بۆچی؟ چونکە "پلەبەندییە قوچکەییەکان" پێکهاتەیەکی ڕێکخراون، کە چییەتی بە فەرمانڕەوایی دەبەخشن. لەو کاتەوەی کە دەوڵەت باڵاترین جۆری پلەبەندی قوچکەییە، ئەنارکیستەکان، دژی دەوڵەتن، بەڵام ئەمە پێناسەیەکی تەواو نییە بۆ ئەنارکیزم. ئەمە بەو واتایەیە، کە ئەنارکیستە

ئەنارکیستەکان، مارکسیزم (ئەوەی کە زۆربەی خەڵك بە "سۆشیالیزم"ی دەزانن) ڕەتدەکەنەوە، وەك "بیرۆکەی دەوڵەت وەك سەرمایەدار، ئەوەی کە سۆشیال-دیموکراسی باڵی پارتی سۆسیالیستی گەورە، هەنووکە هەوڵدەدات سۆشیالیزم بەرتەسك بکاتەوە." [Peter Kropotkin, The Great French Revolution, vol. 1, p. 31] ئەنارکیستەکان دژی هاوتاکردنی مارکسیزم، "بەرنامەڕێژی نێوەندی" و سۆشیالیزمی دەوڵەتی / سەرمایەداری لەتەك سۆشیالیزمن، لە بەشی H دا فرەتر ڕۆشن دەکرێتەوە.

لەبەر ئەم جیاوازیانە لەتەك سۆشیالیزمی دەوڵەتی و هەروا بۆ کەمکردنەوەی خراپ تێگەیشتن زۆربەی ئەنارکیستەکان خۆیان تەنیا بە "ئەنارکیست" ناودەبەن، وەك سەلێندراوە، کە ئەنارکیستەکان، سۆشیالیستن. بێجگە لەمە، لەتەك سەرهەڵدانی ئەوەی کە بە "ئازادیخوازی" ڕاستڕەو ناودەبرێت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەندێك لە لایەنگرانی سەرمایەداری سوودیان لەو هەلە وەرگرتووە و خۆیان بە "ئەنارکیست" ناودەبەن. لەبەرئەوە لێرەدا بەجۆرێك کارمان لەسەر ئەم خاڵە کرد. لە ڕووی مێژوویی و لۆجیکییەوە، ئەنارکیزم واتە دژە سەرمایەداری، بەواتایەکی دیکە سۆشیالیزم، ئەوە

Korsch و هەندێکی دیکەیش لەمەڕ شۆڕشی ئەنارکیستی ئەسپانیا بە هاوسۆزییەوە نووسیوویانە. کۆمەڵێك بەستەر و بەردەوامی لە (مارکس)ەوە بۆ لێنین هەن، بەڵام لە بەرامبەردا، بەستەر و بەردەوامی فرەتر لە (مارکس)ەوە بۆ مارکسیستە ئازادیخوازەکان (libertarian Marxists) هەن، کە ڕەخنەگری سەرسەختی لێنین و بۆلشەڤیزم بوون و بۆچوونەکانیان لە ئاراستەی ئەنارکیزمەوە بۆ پەیوەندییە ئازادەکانی یەکسانی نزیکتر بوون.

لەبەرئەوە، ئەنارکیزم لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە سۆشیالیزم، کە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر ئەوەی کە زۆر جار بە "سۆشیالیزم" ناسراوە (خاوەندارێتی دەوڵەتی و پاوانگەری). لەجیاتی "بەرنامەڕێژی نێوەندی" (central planning) کە لای زۆر کەس لەتەك واژەی "سۆشیالیزم" پەیوەستکراوە، ئەنارکیستەکان یەکێتی ئازادانە و هەرەوەزی نێوان تاکەکان، لە شوێنی کار و ژیان پێشنیاردەکەن و هەروەها لە دژی سۆشیالیزمی "دەوڵەتی" کە شێوەگیرییەکی دیکەیە لە سەرمایەداری دەوڵەتی، سیستمێك کە لەوێدا "هەموو کەسێك تێیدا وەرگری کرێ (مووچەخۆر)ە و دەوڵەت کرێدەر (موچەدەر)ە. " [Benjamin Tucker, **The Individualist Anarchists**, p. 81] بەم جۆرە،

کەتواریبەکان نەك تەنیا دژی دوڵەتن، بەڵکو دژی هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی پلەبەندی قوچکەیین. براین مۆریس Brian Morris واتەنی:

" واژەی ئەنارکی ڕیشەیەکی یۆنانی هەیە و لە بنەڕەتدا بە واتای نەبوونی فەرمانڕەوا دێت. ئەنارکیستەکان کەسانێکن کە هەموو جۆرە فەرمانڕەوایەتیەك و دەسەڵاتێکی سەپاو، هەموو پێکهاتە قوچکەییەکان و دەسەڵاتخوازییەك ڕەتدەکەنەوە". بەم پێیە وەك ئەنارکیستی مەکسیکی فلۆرێس ماگۆن Flores Magon پێی دەڵێت ""ئەنارکیستەکان 'دژی سێکوچکەی' - دەوڵەت، سەرمایە و کلیسا-ن. لەم ڕووەوە، ئەنارکیستەکان لەپاڵ دژایەتی سەرمایەداری و دەوڵەتدا، دژی هەموو جۆرە جۆرە دەسەڵاتە ئایینییەکانن. بەڵام ئەنارکیستەکان لە بەرامبەر ئەوەدا، بەشێوازی جیاواز، هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە ئەنجوومەنە خۆبەشەکان، لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئازادانەی فیدراسیۆنەکان و دوور لە نێوەندگەرایی و ڕێکخستنە سەروو و خواریبەکان، دەدەن." [Anthropology and Anarchism, pp. 35-41, **Anarchy: A Journal of Desired Armed**, no. 45, p. 38]

ئاوڕدانەوە لە واژەی " پلەبەندی قوچکەیی" لەم دەقەدا بۆ گەشەیەکی نوێی چۆنایەتی دەگەڕێتەوە - ئەنارکیستە

کلاسیکەکان لەوانە پرۆدۆن ، باکونین و کرۆپۆتکین ئەگەر چی ئەم واژەیان بەکار بردووە، بەڵام زۆر کەم [ئەوان بەگشتی واژەی " دەسەڵات authority – " کە کورتکراوەی " لایەنگری دەسەڵاتداری authoritarian " بووە، بەکاربردووە]. هەرچەندە لە نووسینەکانی ئەواندا ئەوە دەرکەوێت دەردەکەوێت، کە فیلۆسۆفییەك بووە دژی پلەبەندی قوچکەیی و دژی نایەکسانی لە دەسەڵات و هەڵاوردن لەنێوان تاکەکان. باکونین، کاتێك کە هێرشی کردە سەر دەسەڵاتە "فەرمی"یەکان و بەرگری لە کارایی سروشت کرد، لەم بارەوە قسەیکرد و وتی :

" ئایا دەتەوێت هیچ کەس نەتوانێت زۆر و ستەم لە هاوجۆری خۆی بکات؟ دەی لەوە دڵنیابە، کە نابێت هیچ کەس لە ژێرِ رکێفی دەسەڵاتی هیچ کەسێکی دیکەدا بێت" [**The Political Philosophy of Bakunin**, p. 271]

هەروەك جیف دراوگن Jeff Draughn تێبینی کردووە، " لەبەرئەوەی کە هەردەم بەشێك لە' پرۆژەی شۆڕش ' پەردەپۆشکراوە، تەنیا لەم دواییانەدا چەمکی دژە پێکهاتەی قوچکەیی وردتر واتای خۆی وەرگرت. لەتەك ئەوەشدا، ڕیشەی ئەم ڕاستییە بەرجەستەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەکانی واژەی

بوون، کە لە ڕوسیە دژایەتی ڕژێمی بۆلسەڤیکییان کرد و ڕەخنەی پەیگیرانەیان ئاراستەکرد.

لەتەك ئەوەشدا، ئەنارکیستەکان لە هەندێ پرسدا لەتەك هەندێ لە مارکسیستەکاندا هاوبیرن (ئەگەرچی هیچ هاوبیرییەکیان لەتەك لێنینیستەکان نییە). هەم باکونین و هەم توکەر شیکردنەوە و توێژینەوەکانی مارکس لەمەڕ سەرمایەداری و تیۆڕی نرخی کار (labout theory of value) ی ئەویان لەلا دروستە (سەرنجی یەشی C بدەن). مارکس بەخۆی بە تووندی لەژێر کارایی پەرتووکی خود و خودبوون (The Ego and Its Own) نووسینی(ماکس شتینەر)دا بوو. پەرتووکێك کە ڕەخنەگەلی دیاری لەوەی کە مارکس ناوی دەنێت کۆمونیزمی پوچگەرا (vulgar communism)و هەروەها لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی دەگرێت. هەروەها کەسانێك لە بزاڤی مارکسیستیدا هەبوون، کە باوەڕ و تێڕوانینەکانیان زۆر هاوشێوە ئەنارکیستە کۆمەڵگەراکان (بەتایبەت ئەنارکۆ-سەندیکالیستەکان وەك بەشێك لە ئەنارکیزمی کۆمەڵگەرا) بوون - بۆ نموونە، ئانتۆن پانەکۆك (Anton Pannekoek)، پاوڵ ماتیك (Paul Mattick)، ڕۆزا لوکسۆمبۆرگ (Rosa Luxembourg)، و هیدیکە، تێڕوانینیان لەتەك (لێنین)دا زۆر جیاوازە. کارڵ کۆرش Karl

لەتەك ئازادی و بنچینەکانی سۆشیالیزم، دژایەتیدەکەن. گشت ئەنارکیستەکان لەتەك ئەم دەربڕینەی نائوم چامسکی Noam Chomskyلەمەڕ ئەم پرسە هاوڕان:

" ئەگەر تێگەیشتن لە چەپ، 'بۆلشەڤیزم'یش بگرێتەوە، من بڵێپەردە خۆم لە چەپ جیادەکەمەوە. لێنین یەکێك لە گەورەترین دوژمنەکانی سۆشیالیزم بوو. " [**Marxism, Anarchism, and Alternative Future**, p. 779]

ئەنارکیزم لە بەرهەڵستی ڕاوەستاوانەی مارکسیزم، سۆشیال-دیموکراسی و لێنینیزم پەرەیسەندووە. ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی لێنین بگاتە دەسەڵات، میخائیل باکونین لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا پەیڕەوانی مارکس Marxی لە مەترسی "بیروکراسی سووریRed Bureaucracy" ئاگادارکردەوە، کە پەروەردگەیەك دەبێت بۆ "خراپترین جۆری فەرمانڕەوایەتی سەرکوتگەرانە" ئەگەر بۆچوونەکانی مارکس لەمەڕ دەوڵەتی سۆشیالیستی لە هەر سەردەم و شوێنێکدا پیادەبکرێن. لە ڕاستیدا، سەراپای کارەکانی شتینەر، پرۆدۆن و بەتایبەت باکونین، ترسناکی سۆشیالیزمی دەوڵەتییان بە وردی پێشبینیکردبوو. سەرەڕای ئەوە، ئەنارکیستەکان یەکەمین و زۆرترین کەسانێك

[**Between Anarchism and Libertarianism: Defining a New Movement**] ** 'ئەنارکی ' "

دووبارە پێداگرین لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە دژایەتی لەتەك پلەبەندی قوچکەیی، بۆ ئەنارکیستەکان، تەنیا بە فەرمانڕەوایەتی و دەوڵەت بەرتەسکنابێتەوە. ئەم دژایەتییە تەواوی دەسەڵاتداریە ئابووریییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕامیاریییەکانیش، بەتایبەت ئەو پەیوەندییانەی کە بە خاوەندارێتی سەرمایەداری و کرێکاری کرێگرتەوە، وابەستەن، دەگرێتەوە. دەتوانین ئەمە لە بەڵگەنامەکانی(پرۆدۆن) دا ئاوا هەڵسەنگێنین " **سەرمایە** ... لە زەمینەی ڕامیاریدا هاوشێوەی **فەرمانڕەوایەتییە** ... بۆچوونگەلی ئابووریانەی سەرمایەداری، ڕامیاری فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتداران و بۆچوونگەلی خوداناسانەی کلیسا، هاوشێوەی یەکدین و بە ڕێگەی جۆراوجۆر بەیەکدییەوە بەستراون. هێرش بۆ سەر یەکێکیان، هاوتای هێرشە بۆ سەر هەموویان ... ئەوەی کە سەرمایە بە کرێکار و دەوڵەت بە ئازادی ڕەوایدەبینێت، هەمان شتە کە ئایین بە گیانی ڕەوادەبینێت. ئەم سێکوچکە سەرکوتگەرانە بە هەمان ڕادە کە لە فیلۆسۆفیدا ژەهراوییە، لە کەتواریشدا ژەهراوییە. کاراترین ڕێگەی ستەمکردنە لە خەڵك، کە هاوکات جەستە و

ویست و ژیریان کۆیلەدەکات. " [quoted by Max Nettlau, **A Short History of Anarchism**, pp. 43-44] سەرەنجام بەوە دەگەین، کە ئێما گۆڵدمان دژی سەرمایەداری پێیگەیشت " مرۆف دەبێت کاری بفرۆشێت، لەبەرئەوە، حەز و داوەرییەکانی ملکەچی ویستی خاوەنکاربن. " [**Red Emma Speaks**, p. 50] چڵ ساڵ لەوەوپێشتر باکونین ئەم خاڵەی دەستنیشان کرد، کە لە سایەی سیستەمی هەنووکەیدا " کرێکار کەسێتی و ئازادی خۆی لەبەرامبەر کرێدا بە سەرمایەدار دەفرۆشێت. " [**Op. Cit., p. 187**]

بەم پێیە، " ئەنارکی " واوەتر لە نەبوونی فەرمانڕەوایەتی، دەگەیێنێت. ئەنارکی بەواتای دژایەتی لەتەک هەموو جۆرەکانی ڕێکخراوە دەسەڵاتخوازەکان و پلەبەندییە قوچکەییەکان دێت. کرۆپۆکین واتەنی " ڕیشەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئەنارکیستی ... لە ڕەخنەگرتن لە پێکهاتەی قوچکەیی دامودەزگەکان و چەمکەکانی کۆمەڵگەی دەسەڵاتخوازیی و شیکردنەوەی ئەو ئاڕاستانەدایە، کە لە بزاڤە پێشکەوتنخوازەکاندا خۆیان دەردەبڕن." [**Op. Cit., p. 158**] ئەنارکیزم، لای ئێریکۆ مالاتێستا " لە شۆڕشی مۆڕاڵییدا لە دژی ستەمی کۆمەڵایەتی لەدایکبوو." و "هۆکاری دیاریکراوی نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان"، دەتوانرێت لە "خاوەندارێتی سەرمایەداریی و دەوڵەت"دا بدۆزرێنەوە. " کاتێك کە

نموونە، ئایا بازارئازادێکی ڕاستینە و ناسەرمایەداری باشترین ڕێگەی فراوانکردنی ئازادییە یا نا –بەڵام لەسەر ئەم پرسە کە دەبێت سەرمایەداری وەك سیستمێکی بەهرەکێشی و چەوساندنەوە دژایەتی بکرێت و ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیست دەبێت لەسەر بنەمای گەلکاری (associated labour)ـە، نەك لەسەر کرێگرتەیی کرێکار هاوتێڕوانین. تەنیا کرێکاری یەکگرتووە دەتوانێت "دەسەڵاتی وێستە دەرەکیی و سەپێنراوەکانی سەر تاکەکان بهێنێتەخوارەوە. " لە ڕێگەی کاتژێرەکانی کار و خۆبەڕێوەبەریی کار لەلایەن کەسانێکەوە، کە دەیکەن، ئەمە نموونەی ناوەڕۆکی سۆشیالیزمی کەتواریە. لەم ڕووەوە، دەتوانرێت بەڕۆشنی ئەم ڕوانگەیە بەدیبکرێت، کاتێك جۆزیف لابادیی ئەوە دەخاتەڕوو، کە یەکێتی پیشەیی " نموونەیەك لە دەربڕینی ئازادی ڕاستینە لە یەکگرتندایە" و ئەوەی کە "بەبێ ئەم یەکێتییە، کرێکار فرەتر کۆیلەیەکە بۆ خاوەنکارەکەی لەوەی بەخۆی بێت. " [**Different Phases of the Labour Question**]

لەتەك ئەوەشدا، بە تێپەڕبوونی کات واتای وشەکان دەگۆڕدرێت. ئەوڕۆکە "سۆشیالیزم" بەزۆری بەواتای سۆشیالیزمی دەوڵەتی دێت، سیستمیك کە گشت ئەنارکیستەکان لەبەر ناکۆکبوونی

ستەملێکراوان " هەوڵی لەنێوبردنی دەوڵەت و خاوەندارێتییان دا، لەو کاتەدا بوو، کە ئەنارکیزم لەدایکبوو. " [**Errico Malatesta: His Life and Ideas**, p. 19]

سەرەنجام، هەر جۆرە هەوڵێك بۆ نیشاندانی ئەنارکی تەنیا وەك دژە-دەوڵەت، هەڵەیەکە لە لێکدانەوەی واژەکە و ڕێگەیەك، کە بزاڤی ئەنارکیستی گرتوویەتییەبەر. بەو جۆرەی کە براین مۆریس دەستنیسانیدەکات " کاتێك کە کەسێك نووسراوەی ئەنارکیستە کلاسیکەکان هەڵدەداتەوە ... وێڕای ئەوەی سروشتی بزاڤی ئەنارکیستی ... دەردەکەوێت، کە ئەنارکی هیچ کات [تەنیا بە دژە-دەوڵەت] بەرتەسك نەبووەتەوە. ئەنارکی هەمیشە دژی هەموو جۆرە دەسەڵات و بەهرەکێشییەك خەباتیکردووە و بە هەمان شێوەیەش ڕەخنەی لە سەرمایەداری، ئایین و دەوڵەت هەبووە. " [**Op. Cit.**, p. 40]

هەروەها بۆ ڕاستکردنەوە و فراوانکردنی دەربڕینەکە؛ ئەنارکی (anarchy) بەواتای بێسەروبەرەیی (chaos) نییە و هیچ کات ئەنارکیستەکان هەوڵی ئافەراندنی بارێك لە بێسەروبەرەیی و ئاژاوەگێڕی نادەن. لەبەرامبەر ئەوەدا، ئێمە خۆزگە بە ئافەراندنی کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای ئازادی تاك و هەرەوەزی

ئەنارکیستانەیە." [**Anarchism: What It Is and What It Is Not**]

لابادیی، لە زۆر بۆنەدا لەوە دواوە، کە "هەموو ئەنارکیستەکان سۆشیالیستن، بەڵام هەموو سۆشیایستەکان ئەنارکیست نین. " لەبەرئەوەیە، دانیێڵ گرین Daniel Guerin ئەو سەرنجە دەدا " ئەنارکیزم لە ڕاسیتدا هاوواتای سۆشیالیزمە. ئەنارکیست لە بنەڕەتدا سۆشیالیستێکە، کە هەوڵدەدات بەهرەکێشی مرۆڤ لە مرۆڤ لەنێوبەرێت. " ئەمە لە سەراپای مێژووی بزاڤی ئەنارکیستیدا ڕەنگی داوەتەوە، کۆمەڵگەرا بووبێت یا تاکگەرا" [**Anarchism**, p. 12]لە ڕاستیدا، گیانبەختکردووی ڕووداوی هایمارکێت Haymarket *ئادۆڵف فیشەر Adolph Fischerیش هەمان قسەکانی لابادیی بۆ نیشاندانی هەمان کەتوار بەکاربرد - "هەموو ئەنارکیستێك سۆشیالیستە، بەڵام هەموو سۆشیالیستێك بەپێی پێویست ئەنارکیست نییە. " - بە داننان بەوەدا، کە "بزاڤەکە بووبوو دوو بەشەوە؛ ئەنارکیستانی کۆمونیست و ئەنارکیستانی لایەنگری پرۆدۆن یا چینی ناوەنجی. " **[The Autobiographies of the Haymarket Martyrs, p. 81]**

بەم جۆرە هاوکات، ئەنارکیستە کۆمەڵگەرا و تاکگەراکان لە تێڕوانینیاندا لەسەر هەندێك پرس جیاوازییان هەیە – بۆ

خۆبەخشانە، دەخوازین. بە واتایەکی دیکە، ڕێکخستن لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە، نەك لەسەر بنەمای بێسەرەبەرەیی لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە و ڕێکخراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی باڵاوە. کۆمەڵگەیەکی وەها، کۆمەڵگەیەکی ئەنارکی ڕاستەقینەی بێسەروەر دەبێت.

لە کاتیکدا کە ئێمە لە بەشی یەکەمدا لەمەڕ واتای ئەنارکی دەکۆڵینەوە، نائوم چامسکی Noam Chomsky هەندێك لە لایەنە سەرەکییەکانی بەم جۆرە کورتدەکاتەوە، کاتێك کە لەبارەی کۆمەڵگەی ئازادی ڕاستینەوە دەدوێت "هەر جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە واوەتر لە پەیوەندییەکی تایبەتیی بێت – بەو واتایەی کە شێوەیەکی دەزگەیی یا جۆرێکی دیکە بەخۆوەبگرێت- لە کۆمەڵگەدا یا لە شوێنی کار، لە خێزاندا، لە کۆمەڵگەی گەورەتردا یا هەر شتێکی دیکە، دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەشداراندا بێت. بەم جۆرە واتە کرێکاران لە ئەنجومەنە پیشەسازییەکاندا، لە دیموکراتی گەلیی لە کۆمونیتییەکاندا، لە کارلێککردنی نێوانیاندا، کۆمەڵە ئازادەکان لە کۆمەڵگە گەورەکاندا، تا دەگاتە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی."[**Anarchism Interview**] کۆمەڵگە بە هیچ شێوەیەك بەسەر پێکهاتەیەکی سەرەوخواری وەك خاوەنکار

سەرنجی بەشیG بدەن). هەروەها ماکس شتینەر Max Stirner ی ئەنارکۆ-خودگەرا anarcho-egoist ش، بێجگە لە گاڵتەکردن بە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و "تارمایی"ە جۆراوجۆرەکانی، هیچ شتێکی دی بۆیان نەبوو، ئەوانەی کە بۆ ئەو، بەواتای بۆچوونگەلێکی پیرۆز یا ئایینی دەهاتن، لەوانە خاوەندارێتی تایبەتی، کێبڕکێ و دابەشکردنی کار ... تد.

لەبەرئەوە، ئەنارکیستەکان خۆیان بە سۆشیالیست ناودەبەن، بەڵام جۆرێکی دیاریکراو لە سۆشیالیزم – سۆشیالیزمی ئازدیخوازانە.(Libertarian Socialism) هەروەك ئەنارکیستی تاککەرا Joseph A. Labadie (توکەر و جۆزیف ئانتۆن لابادی یاکونین هەردووك دووبارەی دەکەنەوە) دەڵێت : "دەڵێن ئەنارکیزم سۆشیالیزم نییە. ئەمە هەڵەیە. ئەنارکیزم، سۆشیالیزمی خۆبەشانەیە. دوو جۆر لە سۆشیالیزم هەن : ئارکیستی و ئەنارکیستی(archistic and anarchistic) ، دەسەڵاتخواز و ئازادیخواز، دەوڵەتیی و ئازاد. لە ڕاستیدا هەر پێشنیارێك بۆ باشترکردنی کۆمەڵگە، یا بۆ فراوانکردنی ڕادەی دەسەڵات و ویستی دەرەکییە بەسەر کەسەکاندا یا بۆ کەمکردنەوەیەتی. ئەگەر دەسەڵات و ویستی دەرەکی فراوان بوون ... دەسەڵاتخوازانەیە و ئەگەر بەپێچەوانەوە کەم بوونەوە،

سەرمایەداری لە ئارادا نەدەبوو" [Alexander Berkman, **What is Anarchism?**, p. 44]. بە نموونە، بێنیامین توکەر – ئەنارکیستێك کە زۆرترین کارایی لە لیبرالێزمەوە وەرگرتبوو (وەك دواتر لەسەری دەدوێین) — بۆچوونەکانی خۆی ناونان "سۆشیالیزمی ئەنارکیستی Anarchistic-Socialism " و سەرمایەداری بە سیستمێکی پایەدار لەسەر " قازانخۆری و چەپاوڵگەری لەسەر سوود و کرێ و بەرژەوەند " ناوبرد. توکەر لەسەر ئەوە سوور بوو، لە کۆمەڵگەیەکی بازار-ئازادی، ئەنارکیستی و نا-سەرمایەداریدا، سەرمایەداران زیادەن، بەهرەکێشی هێزی کرێکاران لەلایەن سەرمایەوە ڕادەوەستێت. لەبەرئەوەی "کرێکار ... کرێی سروشتی خۆی و تەواوی بەرهەمەکەی دابیندەکات [**The Individualist Anarchists**, p. 82 and p. 85] وەها ئابووریەك پشت بە بنەمای بانکداری سروشتیی و گۆڕینەوەی ئازادانەی کاڵا لەنێوان هەرەوەزیەکان، پێشەوەران و جوتیاراندا دەبەستێت. لای توکەر و ئەنارکیستە تاکگەراکانی دیکە، سەرمایەداری، بازارئازادی ڕاستەقینە نییە، چونکە بازار بەهۆی یاساگەلی زۆروزەبەند و چەپاوڵگەرانەوە ئەوە بۆ سەرمایەداران مسۆگەردەکات، تاوەکو بەرتەریبان بەسەر کرێکاراندا هەبێت، بەو جۆرە لە ڕێگەی بەهرەکێشییەوە سوود و بەرژەوەندی و کرێی دواتریان مسۆگەردەکەن. (بۆ لێدوانی زیاتر

و کرێکار یا فەرمانڕەوایەتی و فەرمانبەراندا دابەشنابێت. کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیستی لەسەر بنەمای پەیوەندی ئازادانەی بەشداریکردن لە ڕێکخراوە هەرەوەزیەکاندا پشتئەستووردەبێت و لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە بەڕێوەدەبرێت. شایانی باسە، کە ئەنارکیستەکان لە هەوڵی ئەوەدان تا ئەو ئاستەی بۆیان دەلوێت، ئەوڕۆکە وەها کۆمەڵگەگەلێك، لە ڕێکخراوەکانیاندا، لە خەباتیاندا و لە چالاکییاندا، بەو ڕادەی کە دەتوانن، بئافرێنن.

** ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نەهاتووە، لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

*** ئەم پەرەگرافەش لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نەهاتووە، لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-4. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی: http://www. infoshop. org/faq/index. html

A. 1. 2 ئەنارکیزم چی دەگەیێنێت؟

بەپێی دەربڕینی پیتەر کرۆپۆتکین، ئەنارکیزم " سیستمێکی نافەرمانڕەوایەتییە لە سۆشیالیزم " [**Anarchism**, p. 46] بەواتایەکی دیکە، "ئەنارکیزم بەواتای بڕیتییە هەڵوەشاندنەوەی بەهرەکێشی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، کە هەمان هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتییە [لەوانە سەرمایەداری] و فەرمانڕەوایەتی'حکومەتی'.) " [Errico Malatesta, **Towards Anarchism,"**, p. 75]

لەبەرئەوە، ئەنارکیزم تیۆرییەکی ڕامیاریە و ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە بەبێ پێکهاتەی قوچکەیی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەنارکیستەکان پاگەندەی ئەوە دەکەن، کە ئەنارکی، بێسەروەر، فۆرمی گونجاوی سیستمێکی کۆمەڵایەتییە و بۆ سوودوەرگرتن لەوپەڕی ڕادەی فراوانی ئازادی تاکەکەسی و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەبارە. لەبەرئەوەی خوازیاری بەدیهێنانی ئامانجگەلی ئازادی و یەکسانی وەک ئاڵوگۆڕێکی پشتیووانی خۆیین. یا بەو جۆرەی کە یاکونین لە دەربڕینە بەناوبانگەکەی خۆیدا دەڵێت :

یاکونین هەبووە) بەدی بکرێت، لەوێدا کە ئەو قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەنارکیزم واتە "ڕاگرتنی بەهرەکێشی سەرمایەداریی و خاوەندارێتیی لە هەموو شوێنێك و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کرێ(wage system)، کە کرێکار ... یا وەك بەکرێگیراوی خاوەندارێ -سەرمایەداری -ڕەواجدار-proprietor-capitalist) (promoterدەبێت؛ یا هاوبەش دەبێت ... لە بارێ یەکەمدا، کرێکار ملکەچی بەهرەکێشی دەکرێت : وەک مەرجێکی هەمیشەیی گوێڕایەڵ ڕایدەگیردرێت ... لە بارێ دووەمدا، وەك مرۆڤێك و هاوواڵتییەك ڕێزی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە ... بەشێك لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنان پێکدەهێنێت، ئەوەی کە پێشتر تێیدا کۆیلە بوو ... پێویستە دوودڵ نەبین، لەوەی هەڵبژێرمان نییە ... پێویستە ئەنجومەنەکان لەنێو کرێکاراندا پێکبهێنین ... چونکە بەبێ ئەوان، ئەو پەیوەندییە بەشێوەی سەرکردە و سەرکردایەتیکراو دەمێننەوە و تەنیا دوو شت لە ئارادا دەبن ... خێڵی سەروەران و کرێکارانی کرێگرتە، کە لەتەك کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتیك ناکۆك دەبن" [**Op. Cit.** , p. 233 and pp. 215-216]

لەبەرئەوە هەموو ئەنارکیستەکان دژە-سەرمایەدارین (" ئەگەر کرێکاران ئەوەی بەرهەمیدەهێنن، هی خۆیان بووایە، ئەوا

ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بن. (لەنێو ئەوەشدا، پێویستە لەسەر ئەو شوێنکارانە پێدابگیردرێت، کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن). ئەوەی چۆنییەتی گەیشتن بەم ئامانجە کامە بەرهەمهێنەران پێیەڵدەستن، بابەتی سەرەکی باسەکان و ڕوانگەگۆڕکێی ئەنارکیستەکان و نێوەندە سۆشیالیستەکانی دیکە پێکدەهێنێت، بەڵام ئارەزوومەندییەکە بەگشتێتی ماوەتەوە. ئەنارکیستەکان لایەنگری کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی کرێکارانن چ بە خاوەندارێتی کۆمەڵە کرێکارییەکان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا یا لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە. (سەرنجی بەشی A. 3 لەمەڕ جۆرە جیاوازەکانی ئەنارکیزم).

سەرەڕای ئەوە، ئەنارکیستەکان سەرمایەداری لەبەر دەسەڵاتداریی و هەروەها بەهرەکێشبوونی ڕەتدەکەنەوە. لە سایەی سەرمایەداریدا، کرێکاران لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، خۆیان بەڕێوەبەرێتی خۆیان ناکەن و هیچ چاودێرییەکیان بەسەر بەرهەمی ڕەنجی خۆیاندا نییە. سەخت دەبێت بارێکی ئاوا لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان پێکبێت و ناشتوانێت لە گشت شیوەکانی بەهرەکێشی خاڵی بێت، لەبەرئەوە ئەنارکیستەکان دژایەتی دەکەن. ئەم ڕوانگەیە، دەتوانرێت بە باشی لە کارەکانی پرۆدۆن (کەسێك کە کارایی لەسەر توکەر و

" ئێمە بەو بڕوایە گەیشتووین، کە ئازادی بەبێ سۆشیالیزم، واتە ستەم و نادادوەریی و سۆشیالیزم بەبێ ئازادی، واتە کۆیلەتی و دڕندەیی. " [**The Political Philosophy of Bakunin**, p. 269]

مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکان ئەم پرسەی سەلماندووە، کە ئازادی بەبێ یەکسانی، ئازادییە بۆ دەسەڵاتداران، یەکسانیش بەبێ ئازادی لە توانادا نییە و ئاراستەکردنە بەرەو کۆیلەتی.

ئەگەر چی جۆرگەلی جیاواز لە ئەنارکیزم هەن (لە ئەنارکیزمی تاکگەرا individualist anarchism وە بگرە تا ئەنارکۆ-کۆمونیزم communist-anarchism... بۆ زانیاری زیاتر بنوارنە بەشی(A. 3) هەموویان دوو خاڵی هاوبەشیان لە نێوەڕۆکی خۆیاندا هەڵگرتووە؛ دژایەتی لەتەك فەرمانڕەوایەتی و دژایەتی سەرمایەداری. بە قسەی ئەنارکیستی تاکگەرا بێنیامین توکەر Benjamin Tucker ئەنارکیزم پێداگرییە لەسەر "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و نەهێشتنی قازانجخۆری؛ فەرمانڕەوایەتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ و بەهرەکێشی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە"دادەگرێت [cited by Eunice Schuster, **Native American Anarchism**, p. 140] گشت ئەنارکیستەکان، بە هەمان ئەندازەی دژایەتی دەوڵەت و

فەرمانڕەوایەتی، دژایەتی سوود، بەرتیل و کرێ وەك قازانجخۆری دەکەن و هاوکات دژایەتی ئەو هەلومەرجانەش کە دەیانهێنێتە بوون.

بە شێوەیەکی گشتی، بەپێی دەربڕینی ل .سوزان براون L. Susan Brown لە چوارچێوەی "بەستەرێکی یەکبوون"دا ئەنارکیزم "ڕسواکردنی هەموو پایەبەندییەکی قوچکەیی و پاوانخوازییە، لە بەرامبەردا ئارەزوومەندی خەباتکردنە بۆ ئازادی تاکایەتی مرۆڤ." [**The Politics of Individualism**, p. 108] بۆ ئەنارکیستەکان، تاوەکو مرۆڤ بۆ فەرمانڕەوایەتی یا دەسەڵاتی سەرمایەدار ملکەچ بێت، ناتوانێت بە ئازادی بگات. بەو جۆرەی کە ڤۆلتارین دێ کلێیر Voltairine de Cleyre بەکورتی دەربیدەبڕێت " ئەنارکیزم ...لە توانادابوونی کۆمەڵگەیەك فێردەکات، کە پێداویستی یەك بە یەکی مرۆڤەکانی تێیدا دابینکراوە و پەروەردەی تەواوی هۆشیی و جەستەیی سەردێڕی ژیانی هەمووانە ... ئەنارکیزم فێرماندەکات، کە دەزگەی نادادوەرانە و ستەمگەرانەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هەنووکەیی، دەبێت لەنێوببرێت و لەلایەن سیستمێکەوە شوێنی بگیردرێتەوە، کە بەبێ پێویستبوونی خاوەنکار، کە کرێکار ناچاردەبێت، بەشی زۆر لە بەرهەمی خۆی بەو بفرۆشێت، ئازادی کارکردن بۆ هەمووان دابینەدکات ... لە

Ayn Rand and the Perversion of ", Lance Klafta in **Anarchy: A Journal of Desire Armed**, "Libertarianism, no. 34] ئەم دژایەتییەی ئەنارکیستەکان بەرامبەر بەهرەکێشی (قازانجخۆری)، کە زۆرینەی ئەنارکیستە ڕاستینەکان تێیدا بەشدارن، لەم ڕووەوە دەیانخاتە ژێر پەرچەمی سۆشیالیزم.

بۆ زۆربەی سۆشیالیستەکان "تەنیا مسۆگەرگەر بۆ ئەوەی کە بەرهەمی کاری خۆت لە دزین بپارێزیت، ئەوەیە کە دەبێت ئامرازەکانی کار لە ژێر ڕکێفی خۆتدا بن." [Peter Kropotkin, **The Conquest of Bread**, p. 145] لەبەر ئەم هۆیە، پرۆدۆن، بۆ نموونە، پشتیوانی لە هەڕەوەزییە کرێکاریەکان دەکرد، کە لەوێدا "هەموو کەسێکی لەسەرکار لە کۆمەڵەکاندا ... پشکی دابەشنەکراوی لە دارای کۆمپانییەکان هەیە. لەبەرئەوەی بە بەشداری لە سوود و زیان ... هێزی گەلکاری بەر بەوە دەگرێت، کە ببێتە سەرچاوەی سوود بۆ ژمارەیەکی کەم لە بەرێوەبەران : سەرەنجام کۆمپانییەکان دەبنە دارایی هەموو کرێکاران." [**The General Idea of the Revolution**, p. 222 and p. 223] بەم جۆرە، سەرەڕای ئارەزووی کۆتایهێنان بە بەهرەکێشی کرێکار لەلایەن سەرمایەدارەوە، سۆشیالیستە ڕاستینەکان ئارەزوومەندی کۆمەڵگەیەکن، کە بەرهەمهێنەران تێدا خاوەنی

سەرمایەداری لەبەرئەوەیە، کە لە نێستادا ئەو تەنیا پاوانگەری جیهانە).

ئەنارکیستانی تاکگەرای وەك بێنیامین توکەر هاوڕا لەتەك ئەنارکیستانی کۆمەڵگەرا [سۆشیال-ئەنارکیستان]ی وەك پرۆدۆن و باکونین خۆیان بە "سۆشیالیست" ناوبردووە. لەبەرئەوەی، وەك کرۆپۆتکین لە وتارێکی کلاسیکی خۆیدا " زانستی هاوچەرخ و ئەنارکیزم Modern Science and Anarchism "دا دەنووسێت "تا ئەو ڕادەی کە سۆشیالیزم بەشێوەیەکی فراوان و گشتی و بەواتایەکی ڕاستەقینە – وەك هەوڵێك بۆ لەنێوبردنی بەهرەکێشی کرێکار لەلایەن سەرمایەدارەوە – لێیدەگەیشتن، ئەنارکیستەکانیش دەست لەنێو دەستی سۆشیالیستەکانی ئەو کات ڕێیاندەکرد." [**Evolution and Environment**, p. 81] یا بەو جۆرەی کە توکەر دەڵێت "بنەڕەتیترین بانگەوازی سۆشیالیزم ئەوەیە، کە کرێکار خۆی بڕیاردەری خۆی بێت، بانگەوازێك " کە هەر دوو فێرگەی تێڕوانینە سۆشیالیستییەکان ... واتە سۆشیالیزمی دەوڵەتی و ئەنارکیزم" لەسەر ئەوە هاوڕان. [**The Anarchist Reader**, p. 144] لێرەوەیە واژەی "سۆشیالیست" لە بنچینەدا "هەموو ئەوانەی، کە باوەڕیان بە مافی تاك لە بەهرەمەندبوون لە بەرهەمهێنانی خۆی هەبوو." دەگرتەوە. [

مرۆڤی گوێڕایەڵ، مرۆڤی ناڕازی دەئافرێنێت و لە یاخیبووی نائاگا، ناڕازی هوشیار پەردەوەردەدەکات ... ئەنارکیزم لەدووی بەئاگاهێنانەوەی هەستی هوشیاری مرۆییەوەیە بەرامبەر بە ستەم و نادادوەری، هەستێك بۆ درێژەدان بە جەنگی بێکۆتایی دژی سەرمایەداری و دەوڵەت، هەستێك کە خوازیاری کۆمەڵگەیەکی باشترە." [**Anarchy! An Anthology of Emma Goldman's Mother Earth**, pp. 23-4]

بەم جۆرە، ئەنارکیزم تیۆرییەکی ڕامیاریە، کە لایەنگری پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئەنارکی، کۆمەڵگەیەکی پشتبەستوو بە بنەمای ئەوپەڕی "بێفەرمانڕەوایی". بۆ گەیشتن بەم ئامانجە " ئەنارکیستەکان وەك تەواوی سۆشیالیستەکان لەو بڕوایەدان، کە سەردەمی خاوەندارێتی تایبەتی زەمین، سەرمایە و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بەسەر چووە و سزاوار بە لەنێوچوونە. ئەوەی کە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دەبێت دارایی هاوبەشی کۆمەڵگە بن و هاوبەش لەلایەن بەرهەمهێنەرانی سامانەوە بەڕێوەببرێن. ئەنارکیستەکان ئەوە ڕادەگەیێنن کە ڕێکخستنی ئایدیالی ڕامیاریی کۆمەڵگە کاتێك دێتەبوون، کە کارگێڕیی فەرمانڕەوایەتی تا کەمترین ئاست دابەزبێت .... هەروەها ئەوەی کە دوائامانجی کۆمەڵگە هێنانەخوارەوەی

کاروباری فەرمانڕەوایەتییە تا ئاستی نەبوون. ئەمە هەمان کۆمەڵگەی بێ فەرمانڕەوایەتی – ئەنارکی-یە. " [Peter Kropotkin, **Op. Cit.** , p. 46]

بەم جۆرە ئەنارکیزم هەم پۆزەتیڤە و هەم نیگەتیڤ. کۆمەڵگەی هەنووکەیی شیدەکاتەوە و لێکدەداتەوە و ڕەخنەی ئاراستەدەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا تێڕوانینی نوێ بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو دەخاتەڕوو؛ کۆمەڵگەیەك کە پێداویستییە تایبەتەکانی مرۆڤ، ئەوانەی کە کۆمەڵگەی هەنووکەیی نکۆڵییان لێدەکات، بەوپەڕی ڕادە دەگەیێنێت. ئەو پێداویستییانەی کە لە بنەڕەتدا ئازادانە و یەکسانیخوازانە و هاوپشتییانەن، ئەم بابەتە لە (بەشی A. 2). فرەتر ڕۆشنەدکرێنەوە .

ئەنارکیزم شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لەتەك هیواکان ئامێتەدەکات، یا بەو جۆرەی کە یاکونین (لە ڕۆژانی ئەنارکیستیی پێشتریدا) پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت، "پاڵنەری وێرانکردن، پاڵنەرێکی ئافەرێنەرە." کەس ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی باشتر چێبکات بەبێ ئەوەی دەرکێکی دروستی لە کەموکوڕی و گرفتەکانی کۆمەڵگەی هەنووکەیی هەبێت.

A. 1. 4 ئایا ئەنارکیستەکان سۆشیالیستن ؟

بەڵێ. هەموو لکەکانی ئەنارکیزم دژی سەرمایەدارین. لەبەرئەوەی کە سەرمایەداری لەسەر ستەم و بەهرەکێشی خۆی ڕاگرتووە (بڕواننە بەشی B و C) ئەنارکیستەکان " ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە، کە پێیوایە مرۆڤەکان ناتوانن لەتەك یەکدی کاربکەن، ئەگەر سەرۆکێکی پاڵندەریان نەبێت و ڕێژەیەك لە بەرهەمهێنانەکانی ئەوان بۆ خۆی نەبات"، هەروەها لەو بڕوایەدان، کە لە کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیستیدا " کرێکارانی ڕاستینە بەخۆیان ڕێکخراوەکانیان پێکدەهێنن و بەخۆشیان بڕیاردەدەن کە کارەکان کەی، لە کوێ و چۆن ئەنجامبدرێن." بەئەنجامدانی ئەم کارە، کرێکاران خۆیان " لە دەستبەسەری و کۆیلەتی و دڕندەیی سەرمایەداری" ئازاددەکەن. [Voltairine de Cleyre, **Anarchism** p. 32 and p. 34]

(لێرەدا دەبێت لەسەر ئەوە پێدابگرین، کە ئەنارکیستەکان دژی هەموو پێکهاتەگەلێکی ئابووریین، کە لەسەر بنەمای پاوانکردن و بەهرەکێشی ڕاوەستاون، لەوانە دەرەبەگایەتی، "سۆشیالیزم"ی دەستی سۆڤییەتی – ڕاستر بڵێین "سەرمایەداری دەوڵەتیی"–، کۆیلایەتی و هیدیکە. چەقبەستنی دژایەتی ئێمە لەسەر

هەروەها پێویستە پێداگریی لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەنارکیزم واوەتر لە شیکردنەوە و لێکدانەوە و خستنەڕووی وێناگەریی کۆمەڵگەی تازەیە. ئەنارکیزم ڕیشەی لە خەباتدایە؛ خەباتی کەسی چەوساوە بۆ ئازادی. بە واتایەکی دیکە، ئەنارکیزم ڕێگەیەکی تازەیە بەرەو کۆمەڵگەی پشتبەستوو بە پێداویستییەکانی مرۆڤ، نەک دەسەڵات، دەخاتەڕوو و هەروەها شوێنەکانی گۆڕی زەمین لە پێش سوودەوە دادەنێت. وەک یەکێک لە ئەنارکیستەکانی سکۆتلەندە ستوارت کریستی Stuart Christie دەڵێت :

" ئەنارکیزم بزاڤێکە بۆ ئازادی مرۆڤ. وەک سەملێندراوە، دیموکراتیک و یەکسانیخوازە ... ئەنارکیزم وەک خەباتی ڕاستەوخۆ لەلایەن چەوساوەوە لە دژی چەوسانەوە و ستەم و بەهرەکێشی دەستیپێکردووە و بەو جۆرەش بەردەوامدەبێت. دژی پەرەپێدانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی و ڕێسا و مۆرکە کوشندەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و چاوچنۆکی تاکایەتییە. ئەم دووانە - پێکەوە یا بەتەنیا - تەنیا بەرژەوەندی ژمارەیەکی دیاریکراو لەسەر بەرژەوەندی کەسانی دیکە دابینەدەکەن.

" ئەنارکیزم هەم تیۆڕی و هەم کردەیە بۆ ژیان. لە ڕووی

کۆمپانیاکان و سوود هاوتا دەکەن ". بەو جۆرە پێویستە ئەنارکیستەکان لە ئەمەریکا "بگەڕێنەوە بۆ کردەییکردنی نەریتێك، کە بە هۆی ڕەوایی بازارئازادەوە شێوێنراوە" [The Modern Crisis, pp. 154-5 . وەك ئەوەی ئێمە دەیکەین، بەو جۆرە لەسەر بانگەوازکردنی بۆچوونەکانمان بە سۆشیالیزمی ئازادیخوانە، بەردەوام دەبین. **

** ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نەهاتووە، لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-6. aspx

سەرچاوەی ئینگلیزی: http://www. infoshop. org/faq/index. html

فیلۆسۆفییەوە، ئەنارکیزم ئامانجی بەدیهێنانی باڵاترین پلەی تەبایی نێوان کەسەکان، کۆمەڵگە و سروشتە. بەکردەوە، ئامانجی ئەنارکیزم بەو جۆرەیە، کە ئێمە بەخۆمان کۆمەڵگە وەها ڕێکی بخەین و بژین، کە ڕامیارکاران، فەرمانڕەوایەتییەکان و دەوڵەتەکان، ئەرکەکانیان بکەینە شتێکی زیادە و ناپێویست. لە کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیستیدا، کەسەکان بەڕێزی بەرابەرانە لە کۆبوونەوە ناسەپێنراوەکاندا (بەبێ پەیوەندی سەرۆک و نۆکەر) ڕێکخراو دەبن و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن هی هەمووان دەبن.

" ئەنارکیستەکان کەسانی خەیاڵپەروەری پشتبەستوو بە بنچینەی دابڕاو و بیرکردنەوەی گۆشەگیرانە نین ... ئەنارکیستەکان ئەوە باش دەزانن، کە ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی نموونەیی لە دوارۆژدا بەدەستبهێنرێت. لە ڕاستیدا، خەبات لەو پێناوەدا بۆ هەمیشە بەردەوامدەبێت! لەتەك ئەوەشدا، ئەوە تێڕوانینێکە، کە پشتیوانییەك بۆ خەبات دژی شتەکان وەك ئەوەی کە هەن، دەستەبەردەکات و شتگەلێك کە ئەگەری دەستەبەرکردنیان هەیە ...

"سەرەنجام، ئەوە خەباتە، کە ئەنجام دیاریدەکات. پێشکەوتن

کە شوناسی تاکەکەسی و داهێنانی ئازادی کەسەکان دابیندەکات؛ سۆشیالیزم بەبێ ئازادی، بەرەو سەرمایەداری دەوڵەتی خەسڵنەر ملدەنێت و تەواوی بیرکردنەوە و هەستی کەسەکان دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی خەیاڵی گشتی . [quoted "Introduction"by Colin Ward, Rudolf Rocker, **The London Years**, p. 1]

بە سەرنجدان لە ڕەچەڵەکی ئەنارکیستی چەمکی "ئازادیخوازی"، کەمن ئەو ئەنارکیستانەی لەلایان ئاساییبێت، کە ببینن ئەم چەمکە لەلایەن ئایدیۆلۆجییەکەوە دزراوە، شتێکی ئاوا هاوبەشیی لەتەك بۆچوونەکانماندا نییە. لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان وەك مورەی بوکچین Murray Bookchin تێبینیکردووە "چەمکی' ئازادیخوازی ' بۆ خۆی، گرفت دەوروژێنێت، بەتایبەت فێڵی هاوتاکردنی ئایدیۆلۆجییایەکی دژە-سەروەری لەتەك بزاڤێکی تێکۆشەر بۆ 'سەرمایەداری بێگەرد' و 'بازار-ئازاد' . ئەو بزاڤە هەرگیز ئافەرێنەری چەمکەکە نییە: بەڵکو چەمکەکە بۆ بزاڤی ئەنارکیستی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە و پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆ دژەسەروەران ... ئەوانەی کە هەوڵدەدەن قسە لە دەسەڵاتی خەڵکی وەك گشتێك بکەن، نەك بۆ خۆپەرستی کەسیی، ئەوانەی کە ئازادی و خاوەندارێتی

ئەمەریکا، تەنیا لە سەروبەری ساڵانی ١٩٧٠ سەریهەڵدا، ڕێك (١٠٠) ساڵ پاش ئەوەی، کە یەکەمین جار ئەنارکیستەکان چەمکی ئازادیخواز بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی خۆیان بەکاربردووە (٩٠ ساڵ پاش بەکاربردنی یەکەمین جاری چەمکی "کۆمونیزمی ئازادیخواز"). بەم پێیە، ئەوە پارتەیە، کە چەمکی ئازادیخوازی "دزیوە" نەك ئەنارکیستەکان. دواتر لە (بەشی B)دا، لەو بارەوە قسەدەکەین، بۆچی بۆچوونەکانی " ئازادیخوازی "ی سەرمایەداری (ئەوەی کە پارتی ئازادیخواز پەسەندییەتی) دژی چەمکەکەیەتی.

بەو جۆرەی کە لە (بەشی I) دا ڕۆشنیدەکەینەوە، تەنیا سیستەمی خاوەندارێتی سۆشیالیستیی ئازادیخوازانە Libertarian Socialist – دەتوانێت ئازادییە تاکەکەسییەکان پەرەپێبدات. پێویست ئەوەش بوترێت، کە خاوەندارێتی دەوڵەتی – ئەوەی کە "سۆشیالیزم" ناودەبرێت – بۆ ئەنارکیستەکان بەهیچ شێوەیەك سۆشیالیزم نییە. وەك ئەوەی کە لە (بەشی H)دا تێبینیدەگەین، "سۆشیالیزم"ی دەوڵەتی، تەنیا جۆرێکە لە سەرمایەداری و هیچ نێوەڕۆکێکی سۆشیالیستیی نییە. هەروا کە ڕۆدۆلف ڕۆکەر Rudolf Rocker تێبینیکردووە، سۆشیالیزم بۆ ئەنارکیستەکان "تەنیا پرسی زگتێری نییە، بەڵکو پرسی هێنانەئارای کەڵچەڕێکە،

بەرەو کۆمەڵگەیەکی واتادارتر، دەبێت بە دژایەتی و وەستانەوە لە بەرامبەر هەر جۆرە نادادوەریی و چەوسانەوەیەك دەستپێبکات. بەشێوەیەکی گشتی، ئەمە بەواتای دژایەتیکردنی هەموو جۆرە بەهرەکێشییەك و خەبات دژی ڕەوایەتی هەر جۆرە فەرمانڕەواییەکی سەپێنراو. ئەنارکیستەکان ئەگەر تەنیا بیرکردنەوەیەکی نەگۆڕ کە هەیانە، ئەوەیە کاتێك کە خووگرتن بە خۆدانەدەست ڕامیاران و ئایدیۆلۆژیبازان لەنێوبچێت، کاتێك کە بەرەنگاری لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازیی و بەهرکێشی سەرهەڵدەدات، ئەو کاتەیە کە خەڵکی ئاسایی توانای بەڕێوەبردنی تەواوی بوارەکانی ژیانی خۆیان، ئازادانە و دادپەوەرانە، لە هەر سەردەم و شوێنێکدا دەبێت.

" ئەنارکیستەکان لە دەرەوەی خەباتی جەماوەری نین و ئامانجیان زاڵبوون بەسەر ئەو خەباتەدا نییە. ئەوان هەوڵدەدەن، تاوەکو بەپێی توانا و بە شێوەی کردەیی ئەوەی لە توانایاندایە لە بەرزکردنەوەی هەستی خۆپەروەردەکردنی خۆیی کەسەکان و بە پەرەدان بە هاوپشتی گروپی، کۆمەك و هاریکاری بکەن. دەکرێت بیرکردنەوە و بۆچوونگەلی ئەنارکیستی بە خوازیاریی پەیوەندی خۆبەشانە، یەکسانی و هاوتایی لە بڕیاردانەکاندا، هاوئامانجی و ڕەخنەگرتن لە تەواوی شێوەکانی

دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی و لە بزاڤە فیلۆسۆفی، کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕییەکان، لەبەرچاو بگرین. " **My Granny made me an Anarchist**, p. 162-3]

ئەنارکیستەکان دەڵێن، کە ئەنارکیزم بە جۆرێکی سادە دەربڕی توانایی ئێمەیە بۆ ڕێکخستنی خۆمان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەبێ پێویستی خاوەکاران و ڕامیارکاران. ئەنارکیزم ڕێگە بە چینی کرێکار و کەسانی دیکەی چەوساوە دەدات, هوشیاری بەدەستهێنن و پێداگریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن و خەبات بۆ شۆڕشاندنی کۆمەڵگە وەك گشتێك بکەن. تەنیا بە ئەنجامدانی ئەمە، ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی گونجاو بۆ مرۆڤ و ژیان تێیدا بەدیبهێنین.

ئەنارکیزم فیلۆسۆفییەکی دابڕاو نییە. بۆچوون و تێڕوانینی ئەنارکیستی ڕۆژانە دەخرێنە پای جێبەجێبوونەوە. هەر کات، کە مرۆڤی چەوساوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ڕاپەڕێت، بۆ ئازادی خۆی هەنگاو بنێت، هاوپشتی و هەرەوەزی پیادەبکات و خۆی بەبێ خاوەنکار و ڕابەر ڕێکبخات، لەوێدا گیانی ئەنارکی بەرجەستەدەبێت. ئەنارکیستەکان تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان، تاوەکو ئەم ئارەزووە ئازادیخوازانەیە بەهێزبکەن و پەرەپێبدەن.

نێتلو Max Nettlau ئەنارکیستی شۆڕشگێڕ جۆزێف دیاکوا Joseph Dejacqueڕۆژنامەی **Le Libertaire, Journal du Mouvement Social**ی لەنێوان ساڵانی ١٨٥٨تا ١٨٦١ لە نیویۆرك دەرکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە مێژووی بەکاربردنی "واژەی کۆمونیزمی ئازادیخواز" بۆ مانگی نۆڤەمبەری ١٨٨٠ دەگەڕێتەوە. [Max Netllau, **A Short History of Anarchism**, p. 75 and p. 145] بەکاربردنی چەمکی " ئازادیخوازی " لەلایەن ئەنارکیستەکانەوە لە دەهەی ١٨٩٠ بەدواوە لە فەرەنسە بە مەبەستی ڕزگاری لە دەست یاسای بەربەستکردنی ئەنارکیستەکان لەو سەردەمەدا و هەروەها بۆ بەرگرتن لە وێناگەری نیگەتیڤی خەڵك لە واژەی " ئەنارکی " پەرەپێدرا (بۆ نموونە سێباستیان فاور Sebastien Faure و لوس میشێل Louise Michel ڕۆژنامەی ئازادیخواز **Le Libertaire** یان لە ساڵی ١٨٩٥دا لە فەرنسە باڵاوکردووەتەوە). لەو کاتەوە بەتایبەت لە دەرەوەی ئەمەریکا، واژەی ئازادیخواز بە هزر و بزاڤە ئەنارکیستەکانەوە پەیوەستە. نموونەی زیاتر لەو بارەوە، ئەنارکیستەکان لە جولای ١٩٥٤دا لە ئەمەریکا **کۆمەڵەی ئازادیخوازان** The Libertarian Leaugeپێکدەهێنن، کە لەسەر بنچینەکانی ئەنارکۆسەندیکالیزم پێکهاتبوو و تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوامبوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، پارتی "ئازادیخواز"ی

بەو جۆرەی کە لە (بەشی ا) دا لەبارەیەوە فرەتر قسەدەکەین. ئەنارکیستەکان بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی خۆیان بە ڕێگەی جۆراوجۆر لەنێو دەروونی سیستمی سەرمایەداریدا دەخەنەگەڕ تا گۆڕانی ئەم سیستەمە لەبارتر دەکەن و کاتی ئەوە دێت، کە بۆ هەمیشە لەنێو ببرێت. لە (بەشی ا) دا قسە لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئامانجی ئێمە جێگرتنەوەی سیستمی سەرمایەدارییە بە چی یا ئامانجی ئەنارکیزم چییە.

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی : http://no-compromise. blogfa. com/post-5. aspx

"سۆشیالیزم"یش ناکاتە خاوەندارێتی دەوڵەتی. ئاشکرایە، کە فەرهەنگەکانی دیکە پێناسەی جیاوازیان هەیە – بەتایبەت بۆ سۆشیالیزم. ئەو ئارەزوومەندییە بۆ لێدوان لەسەر پێناسەی فەرهەنگەکان بۆ بە دواچوونی بێکۆتایی و هۆگریی بێسوودی ڕامیاریی کراوەیە، بەڵام ئێمە نامانەوێت).

بەڵام، بە سەرنجدان لە پێکهێنانی پارتی ئازادیخواز Libertarian Partyلە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆرێك لە خەڵکی پێیانوایە کە "سۆشیالیزمی ئازادیخواز" واتایەکی دژە چەمکی هەیە. لە ڕاستیدا زۆرێك لە " ئازادیخوازان " لەو بڕوایەدان، کە ئەنارکیستەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، تاکو بۆچوونگەلی "دژە ئازادیخوازی"ی "سۆشیالیزم" (بەو جۆرەی کە ئەوان وێنایدەکەن) لەتەك ئایدیۆلۆجی پارتی ئازادیخواز، ئامێتەبکەن و بەو جۆرە بۆچوونگەلی "سۆشیالیزم"، "پەسەندتر" بکەن – بەواتایەکی دیکە، هەوڵدەدەن تاوەکو سیمبولی ئازادیخوازی لە هەڵگرانی ڕاستینەی بدزن !

ئەمە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. ئەنارکیستەکان لە دەهەی ١٨٥٠وە چەمکی "ئازادیخوازی"یان بۆ ناساندنی خۆیان و بۆچوونەکانیان بەکاربردووە. بەپێی مێژووناسی ئەنارکیست ماکس

A. 1. 3 بۆ چی ئەنارکیزم بە سۆشیالیزمی ئازادیخوازانەش ناوەبرێت؟

زۆرێك لە ئەنارکیستەکان بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی نەرێیی پێناسەکردنی "ئەنارکیزم" لە ڕابوردوودا، چەمکگەلی دیکەیان بۆ پێداگرتن لەسەر پۆزەتیڤبوون و سازێنەربوونی بەکاربردووە. چەمکە فرەتر بەکاربراوەکان بریتن لە "سۆشیالیزمی ئازاد free socialism"، "کۆمونیزمی ئازاد free communism "، "سۆشیالیزمی ئازادیخواز "libertarian socialism و "کۆمونیزمی ئازادیخواز libertarian communism ". بۆ ئەنارکیستەکان، سۆشیالیزمی ئازادیخواز، کۆمونیزمی ئازادیخواز و ئەنارکیزم بەکردەوە هەر یەك واتایان هەیە. یا بەو جۆرەی کە ڤانزێتی Vanzetti دەڵێت : "پاش هەموان، ئێمەش سۆشیالیستین وەك سۆشیال-دیموکراتەکان، سۆشیالیستەکان، کۆمونیستەکان و W. W هەموان سۆشیالیستن. تەنیا جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئێمە و هەموو ئەوانی دیکە ئەوەیە، کە ئەوان دەسەڵاتخوازن، بەڵام ئێمە ئازادیخوازین؛ ئەوان باوەڕیان بە دامەزراندنی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی خۆیان هەیە؛ ئێمە باوەڕمان بە هیچ جۆرە فەرمانڕەوایەتی و دەوڵەتێك نییە. " [Nicola Sacco and Bartolomeo Vanzetti, The Letters of Sacco and Vanzetti, p. 274]

بەڵام ئایا ئەمە دروستە؟ بە گەڕانەوە بۆ سەر **American Heritage Dictionary**)بۆمان دەردەکەوێت : **ئازادیخواز** : Libertarianکەسێك، کە باوەڕی بە ئازادی بیرکردنەوە و کردار هەیە؛ کەسێك کە باوەڕی بە ئازادی ویست (ئیرادە)هەیە.

سۆشیالیزم :Socialism سیستمێکی کۆمەڵایەتییە کە لەوێدا بەرهەمهێنەران، دەسەڵاتی ڕامیاریی و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیان لەبەر دەستدان.

تەنیا ئەو پێناسەیەی سەرەوە تێکەڵ بکەن و ببینن چی بەدەستەوەدەدات :**سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە** Libertarian Socialismسیستمێکی کۆمەڵایەتییە، کە باوەڕی بە ئازادی کردار، بیرکردنەوە و ویست هەیە. سیستمێك کە بەرهەمهێنەران، تیایدا دەسەڵاتی ڕامیاریی و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیان لەبەر دەستدان.

(لەتەك ئەوەشدا دەبێت ئێمە سەرنجە ڕۆژانەییەکانمان بخەینە سەر گەشەنەکردووی ڕامیاریی، کە هێشتاکە بەسەر فەرهەنگەکاندا زاڵە. ئێمە ئەم پێناسانە تەنیا بۆ نیشاندانی ئەوەی کە "ئازادیخوازی" ناکاتە "بازار-ئازاد"ی سەرمایەداری و